

# شەهید قادر قادری

## یادت لە دڵمان دا هەر دەمێنێ



کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێڕست

١- تیرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان .......................................... ٥

٢- بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ماتەمینی شەهید قادر قادری ...................................................... ٦

## پەیام هاوخەمی حیزب و لایەنە سیاسییەکان ........ لاپەڕەی ...... ٩

٣- یەکێتیی دێموکراتی کوردستان

٤- پەیامی هاوخەمیی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٥- فراکسیۆنی گۆڕان.

٦- پارتی کرێکاران و ڕەنجدرانی کوردستان.

٧- وتاری کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران.

٨- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٩- کۆمیتەی ٤ی سکتانی یەکیەتیی نیشتمانی

١٠- بەرەی دێموکراتیکی ئێران

١١- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

١٢- موجاهیدنی خەڵقی ئێران

١٣- شووڕای دیموکراسیخوازانیی ئێران

١٤- یەکیەتیی فیدائییانی خەڵکی ئێران

١٥- بەرەی ئەهلی سوننەت

١٦- بزووتنەوەی کۆماریخوازان

١٧- لە خوێنی بەناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانی کورد خۆش نابین

## چەند بابەت و هونراوە ................ لاپەڕەی ................... ٣٧

١٨- دیسان کۆماری ئیسلامی و تێرۆر ........................................................ کەماڵ کەریمی

١٩- کۆماری ئیسلامی تێرۆر و ئاسنی ساردکوتان .............................................. عومەر باڵەکی

٢٠- لە تەنکاوان دا مرواری نادۆزرێتەوە .......................................................... قادر وریا

٢١- ئەسپی سەرکێشی تاوانبار هەروا لەجۆشە! ................................................. هەیاس کاردۆ

٢٢- وەکارکەوتنەوەی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران ...................................... نەبی محەممەدی

٢٣- تێرۆری کاک قادر قادری و چەند پەیڤێک!!، .............................................. حسێن ڕەسووڵی

٢٤- دیسان تێرۆر .................................................................. عارف باوەجانی

٢٥- شێعری مەڕۆ کاکە، مەڕۆ . ............................................................ ڕەسووڵ سوڵتانی

٢٦- ماڵاوا فەرماندە مەندەکەی دێموکرات! ...................................................... عەلی لە یلاخ

٢٧- بۆ فەرماندە قادر قادری ............................................................ سەلاح کوردی

٢٨- یادت لە دڵمان دا هەر دەمێنێ ..................................................... ئاشق ئیسماعیلی

٢٩- ئەی شەهید (بۆ گیانی بەرزەفڕی فەرماندە قادر قادری) ............................ هەڵمەت سەمەد گەرمەکی

یاد و بەرزڕاگرتنی شەهید قادر قادری لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات ........................... لاپەڕەی ......................... ٧١

٣٠- بەرزڕاگرتنی یادی تازەترین شەهیدانی حدک، لە تاران و کەرەج

٣١- چالاکیی تەبلیغی لە شاری بانە، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید قادر قادری

٣٢- چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕەبەت، بە بۆنەی تیرۆرکرانی قادر قادری

٣٣- شەپۆلی هاوخەمی و مەحکوومکردنی تێرۆری قادر قادری

٣٤- بەردەوامیی چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی تیرۆرکرانی شەهید قادرقادری لە شارەکانی کوردستان

٣٥- بەرزڕاگرتنی یادی فەرماندە قادر قادری لە لایەن تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات

٣٦- چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆ وڵات، دوای شەهید بوونی فەرماندە قادرقادری

٣٧- بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهید قادر قادری لە وڵاتی سوئێد

٣٨- خۆپیشاندانی جەماوەری لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر،


٣٩- بەڕێوەچوونی پرسە و کۆڕیادی ڕێزلێنان بۆ شەهید قادر قادری لە وڵاتی دانمارک

٤٠- ڕاگەیەندراو لە بارەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری هاوڕێ قادر قادری .................................. ٨٥

٤١- سپاسنامەی بنەماڵەی شەهید قادر قادری .............................................................. ٨٦

٤٢- پێزانین و سپاس هەمبەر هاوخەمی بە دوای تیرۆری هاوڕێ قادر قادریدا ................................ ٨٩

## تیرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان




بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی، میدیاکان، و دەزگا پێوەندیدارەکان دەگەیەنین کە شەوی ڕابردوو سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، هاوڕێ قادر قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ماشێنی خۆی بە سەردانێک چووبووە مێحوەری بالیسان - چوارقوڕنە، بە داخەوە درەنگانی شەو دەدرێتە بەر دەسڕێژ و تەرمەکەی کە زیاتر لە ٢٠ گوللەی وێ کەوتووە، لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەلێ" دۆزراوەتەوە. دەردەکەوێ کە ناوبراو لە دەرەوەی ماشێنەکەی دەسڕێژی لێ کراوە. تەرمەکەی لە لایەن پۆلیس بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە ڕاگوێزراوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە هەم لە لایەن پۆلیس و هەم لە لایەن دەزگای ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێ کردوە.

بە سەرنجدان بە ڕابردووی درێژی تێکۆشانی قادر قادری لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و بە ئاگاداری لەوە کە ئەو کادرە ناسراوەی حیزبی دیموکڕات کێشەی شەخسیی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک نەبووە، هەر وەها بە وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە کۆماری ئیسلامی لە دوو ساڵی ڕابردوودا، چەندین پیلانی تیرۆریستیی لە هەرێمی کوردستان لە دژی بنکەکان و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەڕێوە بردوون، ئێمە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەکرێگیراوەکانی بە ئەنجامدەری تیرۆری ئەو تێکۆشەرەی حیزبمان دەزانین.

وێڕای بەداخبوونمان لە شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرە بە وەجەی حیزبی دیموکرات و هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵە و

**هاوسەنگەرانی، زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕووداوەکە، هەر وەها لە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید قادر قادری، نوێترین قوربانیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، لە بەیاننامەکانی داهاتوودا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەنین.**

**سکرتاریای**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**پێشنیوەڕۆی ٠٧ - ٠٣ - ٢٠١٨**

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ماتەمینی شەهید قادر قادری



**ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردن و پرسەی شەهیدی فەرماندە، قادر قادری بەڕێوەچوو.**

**سەرەتا بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کاردو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەورەها نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی دیکە، تەرمی شەهید قادرقادری لە مەزارگەی تێکۆشەرانی دێموکرات نێژرا.**

پاشان لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو ڕێوڕەسمە درێژەی هەبوو.

دوای ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو ناوی سەرجەم شەهیدانی کورد وکوردستان، بەتایبەتی نوێترین شەهیدی دەستی تیرۆر،فەرماندە قادر قادری، بە خوێندنەوەی پەخشانێک لە لایەن عەلی لەیلاخەوە ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد.

لە برگەیەکی دیکەدا هاوڕێ حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسییەوە لەسەر ژیان و خەباتی شەهید قادرقادری بۆ ئامادەبووان قسەی کرد.

بەڕێزیان سەرەتا کورتەیەک لە ژیانی ئەو کادرە لێهاتووەی بۆ ئامادەبووان باس کرد و، دواتر بە ئاماژەدان بە قوناخەکانی تێکۆشانی فەرماندە قادرقادری، خۆنەویستی و ماندوویی‌نەناسی شەهید قادری وەکوو پێشمەرگەیەکی ئازاو فەرماندەیەکی بەوەج بەرزنرخاند.

هاوڕێ حەسەن قادرزادە لە درێژەی قسەکانی‌دا بەسەرنجدان بە خەباتی تێکۆشەرانی دێموکرات باسی لە پیلان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد بە دژ مافخوازان و ئازادیخوازنی کورد و لەو بارەوە گوتی: کۆماری ئیسلامی لەهەموو ڕێگایەکەوە هەوڵی داوە بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد، بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکرات. بەڵام یەکێک لە قیزەون‌ترین چەکێک وا بە دژی خەباتکارانی گەلی کورد و جیابیران هەڵیگرتووە، چەکی تیرۆرە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی شۆڕشگێڕانی کورد بە گەورەترین مەترسی و نیگەرانی بۆسەر خۆی دەزانێ.

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی‌دا وێڕای مەحکووم کردنی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە خاکی باشوور، بە وەبیر هێنانەوەی هێرشی تیرۆریستانەی شەوی یەڵدای ساڵی ڕابردوو هەروەها کردەوەی تیرۆریستییەکەی ئەم داوییانەی شاری هەولێر کە دووکەس لە تێکۆشەرانی حدکای کردە ئامانج، بە باس کردن لەوە کە دیسان تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەڕێگای تیرۆرەوە لە خاکی باشوور شەهید کرا، لەوبارەوە گوتی: هاوکات کە سپاسی هاوخەمیی کردنی خەڵکی باشوور و لایەنە سیاسییەکان دەکەین، لە سەرجەم دامودەزگاکانی پێوەندی‌دار داوای کرد کە بەرانبەر بە پاراستی گیان و ماڵی سەرجەم تێکۆشەرانی کورد لە باشووری

کوردستان خۆیان بەرپرسیار بزانن و، پێش لە دزەکردنی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بگیردرێ.

لە کۆتاییدا کاک حەسەن قادرزادە بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسی و سەرجەم کادر و پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵی بەڕێزی شەهید قادرقادری کرد.

دوای قسەکانی هاوڕێ حەسەن قادرزادە، پەیامی هاوخەمیی کردنی لایەن و نوێنەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرێمی کوردستان خوێندرانەوە.

دواتر ئامادەبووان لە نیزیکەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهید قادر قادری هاوخەمیی و سەرەخۆشیان کرد.

کوردستان و کورد

٨ی مارچی ٢٠١٨



# پەیامی هاوخەمی حیزب و لایەنە سیاسییەکان

## یەکێتیی دێموکراتی کوردستان تێرۆری قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی مەحکووم کرد




یەکێتیی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک تێرۆری شەهید قادر قادری، کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی مەحکووم کرد. لە بەیاننامەیەدا هاتووە کە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەڵوێستی جیددیان سەبارەت بەو ڕووداوانە هەبێ و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێ ئاوڕ لەو مەترسییانە بداتەوە کە سەر لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بووە.

دەقی بەیاننامەکەی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرەیە:

بەداخەوە هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی کاک "قادر قادری"مان بیست. وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان هاوخەمیی خۆمان بۆ لە دەستدانی ئەو شەهیدە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر قادری و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

کردەوەی تیرۆر لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا، کردەوەیەکی قیزەون و نامرۆڤانەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیاسەتە نگریس و ستەمکارییەکانیەوە و بۆ سەپاندنی ستەم و ترس و هەڕەشە، تیرۆر وەک چارەسەر بەکار دێنێ و هیچ سڵ لە کەڵکوەرگرتن لەو کردەوە قیزەونانە ناکاتەوە و چوار دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پڕە لە کردەوەی تیرۆر و وەک دەوڵەت ماهییەتێکی تیرۆریستیی هەیە.

وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان، هەموو جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ژێر هەر ناو بە هەر پاساوێک مەحکووم دەکەین و داواکارین کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵوێستێکی جیددی وەرگرن و بەرپەرچی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەنەوە. لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داواکارین کە مەترسیی سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە جیددی وەرگرن، چوونکو ئەرکی پاراستنی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قورسایی لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پێویستە تیرۆرەکانی ئەم دواییە ڕوون بکرێتەوە و ئاکامەکانیشی بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

٣ - ٧ - ٢٠١٨



## بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم دەکەین




وەک لە ڕاگەیەندراوی خەبەریی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە، شەوی سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦ لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦) قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەلێ" لە کاتێکدا ئاسەواری زیاتر لە بیست فیشەکی پێوە بووە، دۆزراوەتەوە.

هەر چەند ڕۆژ پێش بوو لە نێو شاری هەولێر دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوونە قوربانیی کردەوەیەکی تێرۆریستی کە یەک لەوان بەناوی سەباح ڕەحمانی دوای هەڵگرتنی برینی قورس بە داخەوە شەهید بوو.

پێشتریش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چەند هەوڵی دیکەی تێرۆریستی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراون کە بەشێکیان وەک هەوڵە تێرۆریستییەکان بۆ سەر سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پووچەڵ کرانەوە و تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەداخەوە شەهید بوونی حەوت تێکۆشەری کوردی لێ کەوتەوە.
ئێمە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری ئیسلامی لە پشت هەموو ئەو تاوان و کردەوە تێرۆریستییە دەبینین، چونکی جیا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ لایەنێکی دی بە نەیار و دوژمنی خۆمان دانانێین. بە

تایبەت کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی پێشینە و ڕابردوویەکی پڕدیاری لە تێرۆری کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا هەیە، هەر لە تێرۆرەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەدان تێکۆشەری کوردیان لێ ستاندین، هەم لە تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت تێکۆشەرانی کورد کە دواتر لە پەروەندەی تێرۆری مێکونووسدا دەزگای قەزایی ئاڵمان لە بڕیارە مێژووییەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاربەدەستانی هەرە سەرووی ئەو ڕێژیمە لە پشتی ئەو تێرۆر و تاوان و جیناتانەن کە ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران چ بە تاک و چ بە کۆ (کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی یەلدا) پێشتر و هەر ئەو کات ڕامانگەیاند کە نیگەرانین لەوەی تاوانی تیرۆریستیی شەوی ١ی بەفرانبار و پیلانە پووچەڵبۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ئێستا بە داخەوە دەردەکەوێ کە نیگەرانییەکانمان لە جێی خۆیدا بووە.

ئێمە جارێکی دیکەش وێڕای مەحکوومکردنەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نوێترینیان تێرۆری سەباح ڕەحمانی و قادر قادرییە؛ بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و سەرجەم دەزگا پێوەندیدارەکانیشی دەزانین ڕێگر بن لە جێبەجێبوونی هەرەشە و پیلانە تێرۆریستییەکان لە دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان، گیرساونەوە. هەروەها بە ئیمان بە ڕەوابوونی خەباتی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەری مافە مەدەنی و نەتەوایەتییەکانی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە تێرۆر و هەڕەشە و تۆقاندن و سەرکوت هەنگاومان پێ شل ناکەن و لە خەبات و تێکۆشان ساردمان ناکەنەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٧ - ٣ - ٢٠١٨

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

## پەیامی هاوخەمیی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تیرۆری قادر قادری



قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕووداوی تیرۆری قادر قادری، کادری بەووەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا هاوخەمیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکەی دەربڕیوە.

دەقی پەیامەکە بەمجۆرەیە:

بەڕێز سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە داخ و پەژارەوە، هەواڵی تێرۆرکردنی فەرماندە و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک "قادر قادری"مان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی حیزبەکەتان و کەسوکار و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

تێرۆرکردنی خوالێخۆشبوو هاوڕێ قادر، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان مایە نیگەرانیی هەموو لایەکمانە. ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دڵنیاتان دەکەینەوە هەموو لایەنە ئەمنیەکانمان ڕاسپاردووە کە بە زووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە دەستگیر بکەن و ڕادەستی دادگایان بکەن بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت.

لە پەروەردەگاری مەزنمان داوایە گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، سەبووری و دڵنەواییش بە خانەوادە و خزمان و دۆستانی کۆچکردوو ببەخشێت. ئۆمێدەوارین ئەمە دواناخۆشیان بێ.

انا لله و انا الیه راجعون

قوباد تاڵەبانی

جێگری سەرۆک وەزیران

٧ی ئاداری ٢٠١٨



## فڕاکسیۆنی گۆڕان تێرۆری قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی مەحکوم کرد

فراکسیۆنی گۆڕان لە پاڕلمانی هەرێمی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕووداوی تیرۆرکردنی قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی مەحکووم کرد و داوای لە دەزگا ئەمنیەتییەکانی هەولێر و سلێمانی کردوە ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆرستییانە بدۆزنەوە و، بە سزای یاسایی خۆیانیان بگەیەنن.

فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پاراستنی گیان و سەروماڵی هەموو ئەوانەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن.

دەقی بەیاننامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان لەسەر تیرۆرکردنی کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەناوی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئیدانەی تیرۆرکردنی کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستان قادر قادری دەکەین، لە هەمان کاتدا ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستییەش دەکەین کە ماوەی ڕابردوو لە هەولێر بەرامبەر کادیرێکی هەمان حیزب ئەنجامدرا.

داوا لە دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر و سلێمانی دەکەین ئەنجامدەرانی ئەم دو کردەوە تیرۆرستییە بدۆزنەوە و بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەندرێن.

حکومەتی هەرێم پابەندە بە پاراستنی گیان و سەروماڵی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان

٧ - ٣ - ٢٠١٨

---

## پەیامی هاوخەمیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدرانی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە شەهیدبوونی قادر قادری




مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدرانی کوردستان لە پەیامێکدا ڕوو بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە تیرۆری شەهید قادر قادری، کادر و فەرماندەی بەوەجی حیزبی دێموکرات هاوخەمیی خۆیان دەربڕیوە و داوا دەکەن دەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەران و ئەنجامدەرانی و ئەوانەی لە پشت ئەو تیرۆرەن ئاشکرا بکەن و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن.

دەقی پەیامەکە بەمجۆرەیە:

زۆر بە داخەوە هەواڵی تیرۆرکردنی هاوڕێ قادر قادری، فەرماندە و کادری حیزبە شۆڕشگێڕەکەتانمان پێ گەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بە بەڕێزیان و تەواوی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات و خانەوادەی شەهید قادر ڕادەگەیەنین. لە هەمان کاتدا ئەو کردەوە تیرۆریستییە شەرمەزار و مەحکووم دەکەین و داواکارین

دامودەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات بکەران و ئەنجامدەران و ئەوانەی لە پشتیانن بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەنن.

هەرچەند مەرگی شەهید قادر کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموو لایەکمان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەی، بەڵام کاروانی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان درێژەی هەیە و سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستانە. ئەم دۆخەش لە هەموو لایەکمان دەخوازێ یەکریز و یەکگرتوو بین تا بتوانین ڕووبەڕووی سەرجەم مەترسییەکان ببینەوە و ڕێگری بکەین لە دووبارەبوونەوەی هەر کردەوەیەکی دیکەی لەم جۆرە دژ بە گەلەکەمان.

پارتی کرێکاران و ڕەنجدرانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

٨ - ٣ - ٢٠١٨

## وتاری کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران لە ڕێوڕەسمی پرسەی شەهید قادر قادریدا



بەڕێزان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بەشدارانی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی کاک قادر قادری!

لەلایەن کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە و لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی هەمووتان دەکەین و بەشداری خەمتانین بۆ لەدەستدانی کاک قادر.

ڕووداوی تێرۆری کاک قادر قادری درێژەی سیاسەتێکە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و لە چەند دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕچاوی کردووە. ئەوەی کە لە دەیەی ۹۰ی زایینییدا لە هەرێمی کوردستان ڕووی دا و بینیمان کە زیاتر لە ۳۰۰ کەس لە ئەندام و پێشمەرگە و کادر و تەنانەت کەسانێک کە فەقەت تاوانیان ئەوە بوو کە سنووریان بەزاندبوو و خەڵکی ئەودیو بوون و هاتبوونە ئێرە، بەڵام بە دەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. لە دەرەوەی وڵاتیش کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی حیزبەکان و هەروەها تێکۆشەرانی سیاسی تیرۆر کران و ئەو ڕووداوەی کە لە شەوی یەلدا لێرە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات کوردستان ڕووی دا، ئەوەی کە حەوتووی ڕابردوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ڕووی دا و، ئەوەش کە دوێنێ بە گیانبەختکردنی کاک قادر قادری ڕووی دا، هەموویی ئەوانە سەرەداوێکە کە دەچێتەوە لای کۆماری ئیسلامی. هەمووی ئەوانە تاوانێکە کە کۆماری ئیسلامی دەیکا. بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەمرۆکە ئەم کارە ئەکا هۆکارەکەی بۆ حقیقەتێکی سادە دەگەڕێتەوە کە دەچێتەوە نێو کۆمەڵگەی ئێران.

دەزانین کە لە دوو مانگی ڕابردوودا کۆمەڵگەی ئێران خرۆشا و جۆش و خرۆشێکی بێوێنە دژ بە کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد. کۆماری ئیسلامی هەستی بە مەرگ کرد. کۆماری ئیسلامی یەکەم جار بوو لەو ئاستەدا و لە دوای ڕاپەڕینی ۵۷ ناڕەزایەتییەکی ئاوا بە چاوی خۆی ببینێ کە لە زیاتر لە ۱۰۰ شار خەڵک دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"و "مەرگ بۆ خامنەیی" و "مەرگ بۆ هەر دوو باڵەکەی کۆماری ئیسلامی" بڵێننەوە. لە کوردستاندا کۆماری ئیسلامی دەزانێ لەسەر پۆلووی ئاوڕ خەریکە دەستەڵاتداریێتی دەکا، دەزانێ لەو کۆمەڵگەیەدا حیزبی سیاسیی تێدایە کە ئیعتباریان هەیە، دەزانێ چێهرە و کادر و کەسانی تێکۆشەریان تێدایە کە خەڵک خۆشیان دەوێن. کۆماری ئیسلامی ئەو تیرۆرانەی کە لێرە کردی لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا کە درێژەی تیرۆر و جینایەتەکانی دیکەیەتی، لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە کە ژاری چاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵات کوردستان بگرێ، بەڵام خەیاڵی خاوە. ئەو خەڵکەی کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕاوستاوە، ئەو خەڵکەی کە ڕۆژانە جەنازەی کوڕەکان و کچەکانیان بۆ دەبەنەوە بە ناوی ئەوە کەخۆیان کوشتوە لە زیندانەکاندا، ئەو خەڵکە دەزانن ئەو دەستە هەر ئەو دەستەیە کە کاک قادریشی کوشت، کاک قادریشی تیرۆر کرد؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی وەحشەتی هەیە لە تێکۆشەرانی سیاسی، لە خەباتکارانی سیاسی و لە هێز و لایەنە سیاسییەکان دەترسێ بۆیە جینایەتی ئاوا دەکا.

هەر بۆیە دەبێ پێش هەموو کەسێک حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وشیار بین و بە هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتری و بە دەرفەت نەدان بە کۆماری ئیسلامی، بە نەهێشتنی خاڵی لاواز کە بتوانێ ئاوا وەگیرمان بێنێ؛ نابێ بێڵین ئەو جینایەتانە بکا. دەبێ هاوکاریی بکەین لەگەڵ یەکتر و بێجگە لەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەلەدەستدانی هەر تێکۆشەرێکیان لەبەرامبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی یەکگرتوویی و وەرەیان سەد بەرابەر زیاتر بێ بۆ لە گۆڕانی ئەم ڕێژێمە دیکتاتورە. هەروەها بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بزانن ئەمە تەعدا و دەستدرێژییە بۆ سەر دەسەڵاتی ئەوان و دەستدرێژی بۆ سەر حاکمییەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە وەک لە پەیامەکەی کاک فۆاد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە و باس لە تیرۆری ئەو تێکۆشەرە دەکا؛ داوای لێ دەکەین و بە جیددی داوای لێ دەکەین کە دەستی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا کۆتا بکەن. داوایان لێ دەکەین بەر بەو تیرۆرانە بگرن و داوایان لێ دەکەین بەر بە هاتوچۆی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر و سلێمانی و شوێنەکانی دیکە بگرن کە هەمووکەس دەزانێ ئەوانن ئەو جینایەتانە دەکەن. هەروەها داوا لە خەڵکی خۆڕاگری هەرێمی کوردستانیش دەکەین کە تا ئێستا پشتیوانی هیز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران بوون کە هەر وەک پێشوو دڵسۆزانە پشتیوانمان بن و لە هەر خەبەرێک یان ڕووداوێک یا هەر شتێک کە ئاگادار دەبن، با ئێمە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانیشی لێ ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕووداوی نەخوازراوی دیکەی لەو چەشنە لێمان ڕوو نەدا.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی کاک قادر و لە هاوسەنگەرانی و لە ئێوەی بەڕێز دەکەم و هاوخەمیی خۆمانتان لەگەڵ دووپات دەکەینەوە.

یادی بەخێر بێ.

٨ - ٣ - ٢٠١٨

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان: تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی مەحکوم دەکەین




کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای مەحکومکردنی تێرۆری قادر قادری، یەکێک لە فەرماندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە کۆماری ئیسلامی باش بزانێ بەو کردەوە تیرۆریستییانە وره و هێز و توانای شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕووخاندنی دامودەزگای سەرکوتگەر و تیرۆریستپەروەری ڕێژیم زیاتر بەتینتر دەبێ.

***دەقی ڕاگەیەندراوەکە کە لە ماڵپەڕی ناوەندیی کۆمەڵەدا بڵاو بۆتەوە بەمجۆرەیە:***

بە پێی ڕاگەیەندراوی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان، شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی ڕەشەمە، کاک قادر قادری، فەرماندەی دێرینی حیزبی دیموکرات لە میحوەری بالیسان – چوارقوڕنە لە باشوری کوردستان، بەدەستڕێژی گوللەی ژمارەیەک چەکدار گیانی لەدەست دا.

تیرۆری گیانبەختکردو قادر قادری لەکاتێکدایە کە هەر چەند ڕۆژ لەوپێش لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی دیکەدا، ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی سەباح ڕەحمانی لەئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلەکەی گیانی بەخت کرد.

ئەم دوو کردەوە تیرۆریستییە و کردەوە تیرۆریستییەکانی دیکە ڕێژیم دژ بە حیزبەکانی دیکە لەوانە دژ بە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە لە باشووری کوردستان کەوتووەتە گەڕ و پێشمەرگە و کادر و سەرکردایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کردووەتە ئامانج. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەم کردەوە تیرۆریستییە مەحکوم دەکا و داوا لە دەزگا ئەمنیەتییەکانی هەرێم و بەرپرسانی دوو حیزبی سەرەکی باشوری کوردستان دەکا بۆ پاراستنی گیانی هەڵسوڕاوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور هەموو هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ. هەر لێرەشەوە داوا لەمیدیاکان و کۆڕ و کۆمەڵە ڕوناکبیرییەکان و خەڵکی بەشەرەفی باشووری کوردستان دەکەین بەرامبەر بە دەستوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی و تەڕاتێنی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی تاران لە خاکی باشووری کوردستاندا بێدەنگ نەبن.

کۆماری ئیسلامیش باش بزانێ بەو کردەوە تیرۆریستییانە ورە و هێز و توانای شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕووخانی دامودەزگای سەرکوتگەر و تیرۆریستپەروەری ڕێژیم زیاتر بە تینتر دەبێ.

بە بۆنەی گیانبەختکردنی کاک قادر قادری سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵە و هاوڕێیان و کەسوکاری کاک قادر دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦

٧ی مارسی ٢٠١٨

## پەیامی هاوخەمیی کۆمیتەی ۴ی سکتانی یەکیەتیی نیشتمانی




کۆمیتەی ٤ی سکتانی یەکیەتیی نیشتمانی بەبۆنەی تیرۆری شەهید قادر قادری برووسکەیەکی ماتەمینیی بۆ کۆڕیادی نەمر قادری نارد.

دەقی پەیامەکە بەمجۆرەیە:

دڵگرانین بە لەدەستدانی یەکێک لە فەرماندە تێکۆشەرەکانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، شەهید قادر قادری. بەناوی سەرجەم کادیر و لایەنگرانمان پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهید قادر و تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەین و هیوادارین خودا بە بەهەشتی شاد بکا.

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە

کۆمیتەی ٤ی سکتان

٨ - ٣ - ٢٠١٨

## بەرەی دێموکراتیکی ئێران تێرۆری قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد

شورای هاوئاهەنگیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە پەیامێکدا کە ڕوو بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، تێرۆری شەهید قادر قادری بەهۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کردوە.

لەو پەیامەدا هاتووە ئەندامانی شورای هاوئاهەنگیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە دەرەوەی وڵات بەوپەڕی خەم و پەژارەوە سەبارەت بەو ڕووداوە ناجوامێرانەیە سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. ئێمە دەزانین کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە خوێنی دەیان هەزار لاو و ژن و پیاو و منداڵی ئەو نیشتمانە سوورە و، لە چوار دەیەی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان ئەزموونی هەموو جۆرە جینایەتێکی ئەو ڕێژیمە گەندەڵەیان کردوە و هەتا ئەو ڕێژیمەش مابێ، جینایەت و ترۆر و مرۆڤکوژییەکانی خۆی هەر درێژە پێ دەدا.

بەرەی دێموکراتیکی ئێران دەڵێ لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە تێرۆریستییەدا دەبێ بوەستین و یەکیەتی و هاوپێوەندییەکی بەربڵاو دروست بکەین و بە یەکریزی بتوانین تەختی بەختی ئەو دەسەڵاتە وەرگێڕین.

بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە کۆتایی پەیامەکەیدا هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە تێرۆری شەهید قادر قادری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەکەی دووپات کردۆتەوە و ڕایگەیاندوە کە بەرەی دێموکراتیکی ئێران هەموو کاتێ خۆی بە پشتیوانی حیزبی دێموکرات دەزانێ.

١٢ - ٣ - ٢٠١٨

# ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان تیرۆرکردنی چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی مەحکوم کرد

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان تیرۆرکردنی چالاکانی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە توندی مەحکوم کرد.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی لەهەمبەر تیرۆری تێکۆشەرانی دێموکرات پەیامێکی بڵاو کردەوە.

لە پەیامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورستاندا هاتووە:

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ٣ کەس لە پێشمەرگە و ئەندامی حیزبەکانی دێموکرات لە دەرەوەی ئێران تیرۆرکران.

لە دوو ڕووداوی جیاجیادا لە هەرێمی کوردستان بە هۆی تەقینەوەی بۆمێک بە ماشێنی سەلاح ڕەحمانی لە کاربەدەستانی پلە بەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ئاکامدا کوڕەکەی بە ناوی سەباح ڕەحمانی گیانی لە دەست دا.

هەروەها لە ڕووداوێکی دیکەدا لە یەکێک لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کاربەدەستێکی پلە بەرزی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی قادر قادری لە لایەن تیرۆریستانەوە وەبەر گولان درا و گیانی لە دەستدا.

دوو لقی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئۆپۆزیسیۆنە چالاکەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات چالاکی دەکەن. ئەو دوو حیزبە کە چەند دەیەیە کە پێشینەی خەباتیان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکەیان هەیە کە لە باشووری کوردستان جێگیر بوون مەقەڕ و دامودەزگایان دامەزراندووە. لە ماوەی ئەو چەند دەیەیەدا بەردەوام لە لایەن نەیارانەوە هێرشی تیرۆریستیان کراوەتە سەر. بۆ نموونە تیرۆرکردنی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ڕێبەرانی ناسراوی کورد لە دوو ڕووداوی تیرۆریستی جیاوازدا لە وییەن لە ئۆتریش و لە برلینی ئاڵمان گیانیان لە دەست دا.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای بەداخبوون لەو ڕووداوە ناخۆشانە و دەسپێکردنەوەی تیرۆر و دانانەوەی بۆمب کە بە شێوەی کردەیی کوشتن و بڕینی چالاکانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات، مەحکوم دەکا و داوای لە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان کردووە کە بەدواداچوون بەو کردەوە تیرۆریستیانەدا بکا کە بە بەرنامە و پیلان داڕێژراون و هاوکات داوا لە کاربەدەستانی ئەمنیەتی دەکا کە ئاگایان لە گیان و ئەمنیەتی چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بێ.

شیاوی باسە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ٢٠ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لە لایەن محەممەد سدێق کەبوودوەندوە دامەزرا.

١٠ - ٣ - ٢٠١٨

## موجاهیدنی خەڵقی ئێران تێرۆری قادر قادریی مەحکوم کرد




**ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵقی ئێران لە ماڵپەڕی ناوەندیی خۆیاندا تێرۆری قادر قادری، شەهیدی نوێی حیزبی دێموکراتی مەحکوم کرد کە بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کرا.**

**ڕێکخراوی مجاهیدین لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تێرۆری کاک قادر قادری، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە، ئەو تێرۆرەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی مەحکووم کردوە.**

**١٠ - ٣ - ٢٠١٨**

## شووڕای دیموکراسیخوازانیی ئێران: تیرۆری ئەندامانی (حدک) و (حدکا) بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم دەکەین




جارێکیتر دەزگەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی وەگەڕ کەوتەوە تا لە فەرزی مەحاڵدا پێش بە ڕووخانی دەسەڵات بگرێ. دووبارەکردنەوەی کردەوەی دزێوی تیرۆری ئینسانەکان بەدەستی بەکرێگیراوانی گوێ لەمستی کۆماری ئیسلامی بەمانای بەهێزبوون نیە بەڵکوو ئەوە نیشانەی ترس و وەحشەتێکە کە هەموو چوارچێوەی دەسەڵاتێک کە خەریکە دەڕووخێ، لەخۆی گرتووە. تیرۆری ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) سەباح ڕەحمانی کوڕی لاوی، سەڵاح ڕەحمانیکە بەهۆی مینی لاستیکییەوە لەژێر ئۆتۆمبێلەکەیدا گیانی لەدەست دا و سەڵاحیش بەتوندی بریندار بوو؛ هەروەها قادر قادری یەکێک لە کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) کە ڕاستەوخۆ تەقەی لێ کراوە و تیرۆر کراوە. ئەم تیرۆرانە لە کاتێدا ڕوو دەدا کە حکوومەت ئاگاداری کۆتایی تاڵی خۆیەتی. حکوومەت زۆر باش دەزانێ کە یەکێک لە گرنگترین هێزەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران لە بەشی کوردستان لە هەر زەمەنێکی مێژووییدا ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبووە و درێژەی سیاسەتی سەرکوتی بۆ کۆماری ئیسلامی دژوار کردووە. بۆیە لەم قۆناغەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بەشێوەیەکی سەرانسەری و بەربڵاو چووەتە گۆڕەپانی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتییەوە، حکوومەت لە بەهێزترین خاڵەکانی ژێوپۆلیتیکی ئێران و خەڵکێک لە ڕەگەزی نارەزایەتیی واتە کورد، بەلووچ، عەرەب، لوڕ و... زۆر بەتوندی لێیان دەترسێ. خەبات، بەرخۆدان و نفووزی حیزبەکانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران بووەتە ناوەندێ کە لەڕاستیدا دەتوانێ وەکو یەکێک لە خاڵەکان و ناوچەکانی دیاریکەریی چارەنووسی ئێران دابندرێ. لەخۆڕا نیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ئاکامێکی دژوار، دەستی داوەتە تیرۆری خەباتگێڕان و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان.

کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانێ بەوەگەڕخستنی تیرۆر و مرۆڤکوژی لە دەرەوەی سنوورەکان، ناتوانێ پێش بەڕووخانی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی بگرێ. نموونەکەشی کوشتنی لاوان لە شەقامەکانی ئێران و بزووتنەوەی مانگی بەفرانبار و قەتڵوعامی زیندانیانی سیاسی بەناوی خۆکوژی، جەڵتەلێدان و یان هەر درۆیەکیتر؛ هەرگیز ناتوانێ پێش بە بزووتنەوەی بەرەوپێش و ناڕەزایەتییەکانی دژی سەرەڕۆیی بگرێ.

دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دەبێ لەهەمبەر کردەوەی تیرۆریستیی ئاشکرای دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، دژکردەوەیان هەبێ و بەپێی کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی بەرگری لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بکەن. ڕێکخراوەکان و دەوڵەتانی دیموکراتی جیهان دەبێ لەهەمبەر کردەوەگەلی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە عێراق وەکوو وڵاتی سێهەم، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی وشیاری بدەن. ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ئەم حیزبانە پەلکێشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیی بکا بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تۆمەتی هێرشی چەکدارییان بخاتە پاڵیان و خۆی لە کێشەی کردەوەگەلی تیرۆریستی ڕزگار بکا. بەم هۆیەوە دیارە کە هێڵی سەرەکی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خەباتی سیاسی بەدژی سیاسەتگەلی دژەمرۆیی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ بووە و ئەم خەباتە بوارگەلیی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی لە سەرانسەری کوردستان و ئێراندا دۆزیوەتەوە.

شووڕای دیموکراسیخوازانیی ئێران، تیرۆری دوو کەس لە خەباتگێران و چالاکانی دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حدکا، بەتوندی مەحکووم دەکا و کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەمبەر ئەم کردەوەگەلە جینایەتکارانە بەرپرس و وەڵامدەر دەزانێ.

شووڕای دیموکراسیخوازانی ئێران

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦

٨ی مارسی ٢٠١٨

شووڕای دیموکراسیخوازانی ئێران پێکهاتوو لە: "بەرەی دێموکراتیکی ئێرام"، " بەرەی یەکگرتووی بەلوچێستان"، " بزووتنەوەی هاوپێوەندیی چەوساوەکانی دادخواز"، " ڕێکخراوی سیاسی و کلتووریی گەلی تورکەمەن"، "حیزبی

یەکیەتیی بەختیاری و لورستانییەکان:، "حیزبی دێموکراتیکی تەزامنی ئەهواز"، "حیزبی دێموکراتی کوردستان"، " کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"، حیزبی گەلی بەلوچستان" و "ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیی ئازەربایجان"

## یەکیەتیی فیدائیانی خەڵکی ئێران: تیرۆری حەوتووی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان دژ بە حیزبەکانی کوردی ئێرانی مەحکووم دەکەین


سازمان اتحاد فداییان خلق ایران

The Union Of People's Fedaian Of Iran

Friday 9th March 2018

سرسخن

اعلامیه ها

اسفند ۱۷, ۱۳۹۶

Print This Post

Like Share Be the first of your friends to like this.

ترورهای هفته اخیر در اقلیم کردستان علیه احزاب کرد ایرانی را محکوم می کنیم/کمیته مرکزی سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران

در فاصله یک هفته و طی دو اقدام تروریستی جداگانه، تنی چند از اعضا و فرماندهان و کادرهای احزاب اپوزیسیون کرد مستقر در خاک کردستان عراق مورد سوقصد قرارگرفتند

پنجشنبه دوم مارس ۲۰۱۸ (یازدهم اسفندماه ۱۳۹۶ ) اتوموبیل شخصی و حامل صلاح رحمانی از فرماندهان با سابقه و فرزندش صباح رحمانی از اعضای حزب دمکرات کردستان ایران، توسط بمب جاسازی شده در حوالی اربیل، پایتخت اقلیم کردستان، عراق منفجر شد. صلاح رحمانی به شدت مجروح شد اما متاسفانه فرزند ایشان، صباح، بر اثر شدت جراحات وارده ساعاتی پس از انتقال به

لە ماوەی یەک حەوتوودا و لە دوو کردەوەی تیرۆریستیی جیاوازدا، چەند کەس لە ئەندامان و کادر و فەرماندەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی نیشتەجێ لە خاکی کوردستانی عێراق تیرۆر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی مارسی ٢٠١٨ (یازدەی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، ئۆتۆمبێلی سەلاح ڕەحمانی، یەکێک لە فەرماندە دێرینەکان و کوڕەکەی بە ناوی سەباح ڕەحمانی لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆمبڕێژ کرابوو، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان تەقێندرایەوە کە لە ئاکامی ئەو ڕووداوەدا سەلاح ڕەحمانی بە سەختی بریندار بوو و بەداخەوە سەباحی کوڕیشی بە هۆی سەختیی برینەکانییەوە چەند کاتژمێرێک دواتر و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی سێشەممە ٦ی مارسی ٢٠١٨ (پازدەی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، قادر قادری یەکێک لە کادر و فەرماندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا بە ئۆتۆمبێلی خۆی بە سنووری بالیسانی کوردستانی عێراقدا تێپەڕیوە،

کەوتووەتە بەر هێرشی گوللە و گیانی لە دەست داوە.

بە پێی بەڵگەکان و پێشینەی هەڕەشە و گوڕەشەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە هەر دوو ڕووداودا کۆماری ئیسلامی تۆمەتباری سەرەکییە.
تیرۆری چالاکانی سیاسی و سەرجەم ناڕازییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەردەوام یەکێک لەو ئامرازانەی فشاری ڕێژیم بۆ کوشتار و دروستکردنی کەشی ترس و دڵەڕواکێ لەنێو خەڵکدا بووە، بێ خەبەر لەوەی خەڵک و بزووتنەوە بەربڵاوەکەی بەو کردەوە ناجوامێرانە و وەحشییانە لە جاران زیاتر لەسەر ویستەکانیان سوورترو پێداگرتر دەبن.

ئێمە داوا لە هەموو حیزبەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیی نیشتەجێ لە کورستانی عێراق دەکەین کە بە هاوکاری و وشیاریی هەرچی زیاتر و هەمەلایەنەترەوە پیلانە چەپەڵەکانی ڕێژیمی خوێنڕێژ و بکوژی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەنەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق راستەوخۆ بەرپرسی پاراستنی گیانی هەموو ئوپۆزیسیۆنە لە کوردستانی عێراق و هیواداریـن لە ئاستی بەرپرسایەتیدا بن و خوازیارین بەدواداچوون بکەن و لە دەستبەسەرکردن و سزادانی بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییەدا کەمتەرخەمی نەنوێنن.

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییانە، یادی قوربانییانی ئەو دوو ڕووداوە بەرز دەنرخێنین و وێڕای هاودەردی دەگەڵ بنەماڵە و خزم و کەسوکاری کاک سەباح رەحمانی و کاک قادر قادری، هاوخەمیی خۆشمان بۆ هاوڕێیانی حیزبییان دەردەبڕین. هیواداریشین هەرچی زووتر کاک سەلاح رەحمانی باوکی جگەر سووتاو، سڵامەتی و تەندروستیی خۆی بۆ بگەڕێتەوە.

کومیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکێتیی فدائیانی خەڵکی ئێران

١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦

٧ی مارسی ٢٠١٨

## پەیامی بەرەی ئەهلی سوننەت سەبارەت بە تیرۆریزمی خومەینی و تیرۆری یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**بەناوی خودای گەورە و دلۆڤان!**

**نیزامی تیرۆر و تیرۆریستپەروەری خومەینی، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بە سوودوەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆری نائیسلامی، هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتی فیزیکی دژبەرانی خۆی داوە و دەدا.**

**زۆرێک لە زانایان و بانگخوازان و نوخبە سیاسییەکانی ئەهلی سوننەت هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە قوربانیی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە بوون و کۆمەڵگەی ئەهلی سوننەت شاهیدی گەورەترین قوربانییە لەو بوارانەدا.**

**ئێستا ماوەیەکە کۆمەڵێک کردەوەی تیرۆریستی بە مەبەستی کوشتنی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات لەلایەن نیزامی ویلایەتی فەقییەوە دەستی پێ کردووە و دوای تیرۆرەکانی پاکستان و ئەفغانستان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا ماشێنی تێرۆر گەیوەتە عێراق و یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تیرۆر کرد. بەرەی ئەهلی سوننەت وێڕانی مەحکوومکردنی ئەو کردەوە غەیرە ئیسلامییە، خوازیاری جێکەوتنی زمانی دیالۆگ و لابردنی کلتووری تیرۆر و تیرۆریزمە.**

**بەرەی ئەهلی سوننەت چاوەڕوانی لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە بە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاترەوە بۆ دەستبەرکردنی عەداڵەت و لابردنی نیزامی ویلایەتی فەقیه، بەرەو قۆناغێکی نوێ لە چالاکییە سیاسییەکانیان**

هەنگاو هەڵبگرن.

بەرەی ئەهلی سوننەتی ئێران

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦

٨ی مارسی ٢٠١٨

## بزووتنەوەی کۆماریخوازان تیرۆری فەرماندە و تێکۆشەری ناو ریزەکانی حدک "قادرقادری" ئیدانە و شەرمەزار دەکات




بـزووتنەوەی کۆمـاریخوازانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەرەشـە و تیـرۆری شۆرشگێرانی سـەر بە هێزەکـانی رۆژهەڵاتـی کوردستان لە لایەن حاکمیەتی دیکتاتۆر بەسەر ئێراندا پرۆتستۆ دەکـات و خوازیـاری پاراستنی گیـانی تێکۆشـەر و چالاکانی رۆژهەڵات کوردستان نیشتەجی لە باشووری کوردستانە.

هەر وەک لە راگەیەنـدراوی رەسـمی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان دا ئامـاژەی پێکـراوە کە فەرمانـدە و کـادرێکی لێهاتوو و ناسراوی ناوریزەکانی ئەم حیزبە لە ناوچەی بالیسان سەر بە قەزای رانیە بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە تیرۆر و شەهید کراوە، بەشێک لە دەقی ئەو راگەیەندراوەی حدک بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

"بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی، میدیاکان، و دەزگا پێوەندیدارەکان دەگەیەنین کە شەوی ڕابردوو سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، هاوڕێ قادر قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ماشێنی خۆی بە سەردانێک چووبووە مێحوەری بالیسان - چوارقوڕنە، بە داخەوە درەنگانی شەو دەدرێتە بەر دەسڕێژ و تەرمەکەی کە زیاتر لە ٢٠ گوللەی وێ کەوتووە، لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەلێ" دۆزراوەتەوە"

...........

گەلی خۆراگری کورد و ئازادیخوازانی جیهان:

تیرۆریزم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وەک کارتێکی بەردەستی دیکتاتۆران و داگیرکەرانی سەر کوردستان بۆ لەناوبردن و زەربەلێدان لە بەرهەڵسەتکاران و ئازادیخوازان کەڵکی لێوەردەگیرێت، کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سەرچاوەی تیرۆریزمی دەوڵەتی بە شێوەی سیستماتیک لە ٤٠ ساڵ کارنامەی خۆیدا بە سەدان تێکۆشەر و چالاکای سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان و وڵاتانی ئەورووپایی و ناوخۆی ئێراندا تیرۆر و ڕەشەکوژ کردووە، ئەم کردەوانەی ئەو حاکمیەتە لە ئەنجامی پەیرەوی کردنی سیاسەتێکی دوگم، بیرۆکەی بن ئاژۆیی مەزهەبی و هەروەها تئۆری سڕینەوەی بەرهەلستکاران وەک باوەڕیەت و ئەسڵێک بۆ مانەوەی دەسەلاتداریتی دیکتاتۆری ئایینی و چەسپاندی هێژموونی بەسەر گەلانی ئێران و دەستێوەردان لە وڵاتانی تر بە ناوی هەناردەکردنی شۆرشی ئایدۆلۆژیکی ئیسلامی سیاسی وەک بنەمایەک پێڕەوەی لێکردووە .

تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران هەر لە سەرەتاوە وڵامێک بۆ پەیامی ئاشتی و دیالۆگ و دێموکراسی خوازانەی گەلی کورد بووە کە تا ئەمرۆش لە خەسار و شەر و ماڵوێرانی زیاتر هیچ بەرهەمێکی نەبووە و بگرە تیرۆریسم دەوڵەتیش هاوشێوە هەموو پێشێلکاریەکانی تری ئەو ڕێژیمە دژ بە گەلان و جیابیران و شۆرشگیران بە گشتی پرستیژ و تەواویەتی ڕێژیمی ئێرانی لە ئاستی کۆمەلگای جیهانی هێناوەتە ژێر پرسیار .

بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دۆخەهەستیارەدا خوازیارە لە هەموو هیز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت وەها ڕووداوێک بە هەستیاریەوە مامەلەبکەن و هاوکاری و هەماهەنگی ئەمنی تەواو لە نێوانیان دا سەبارەت بە پاراستنی گیانی تێکۆشەران و شۆرشگێران و چالاکانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بەهێز و پتەوتر بکەن.

لە کۆتایی دا بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان وێرانی دەربڕینی داخ و کەسەرەوە بە نیسبەت تیرۆرکردنی فەرماندە و تیکۆشەری ماندوونەناسی ریزەکانی حدک شەهیدی نەمر کاک قادر قادری پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی هەموو گەلی کورد و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها بنەماڵەی بەرێزیان دەکات.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری و ئازادی کوردستان

شوورای هەماهەنگی بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان

١٦ی رەشەممەی ٢٠١٧ی کورد ١٣٩٦ی هەتاوی

٧ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی

## ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر): تیرۆری قادر قادری بە توندی مەحکووم دەکەین

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمە بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێ: "شەوی سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، هاوڕێ قادر

قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ماشێنی خۆی بە سەردانێک چووبووە مێحوەری بالیسان_چوارقوڕنە، بە داخەوە درەنگانی شەو دەدرێتە بەر دەسڕێژ و تەرمەکەی کە زیاتر لە ٢٠ گوللەی وێکەوتووە، لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەڵێ" دۆزراوەتەوە."

لە ڕاگەیەندراوەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوەش هاتووە کە: " ئێمە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەکرێگیراوەکانی بە ئەنجامدەری تێرۆری ئەو تێکۆشەرەی حیزبمان دەزانین."

تیرۆری قادر قادری دوابەدوای تیرۆری سەلاح رەحمانی، ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەباح رەحمانیی کوڕی لە شاری هەولێری کوردستانی عێراق بوو کە ئەویش ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی رەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی ڕووی دا و؛ ئەمەش نیشانەی پەرەگرتنی کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە دژ بە ڕێبەران و چالاکانی کوردی ئێرانیی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێمە تیرۆری قادر قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەین و هاوکات بە بۆنەی لەدەستدانی ئەو کادرە لێهاتووە کوردە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قادری و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

بەدوای شکستی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان و ئەو قەیرانە سیاسییەی کە ئەو بابەتە بەدوای خۆیدا هێنای، دەستی مۆرە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کردەوەی تیرۆریستی دژ بە هێزە کوردییە ئێرانییەکان ئاوالاتر بووە، بۆیە وشیاریی هێزە کوردییە ئێرانییەکان بۆ پووچەڵکردنەوەی کردەوەی دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، زۆر لە جاران پێویستتر و زەروورتیرە.

بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپی ئێران هەمیشە پیداگرترین بەرگریکاری مافی نەتەوە ژێردەستەکان بۆ خەباتی هاوبەش دژ بە ئیستیبدادی دەستەڵاتدار و کۆتاییهێنان بە زوڵم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێراندا بووە.

لە ڕوانگەی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر)، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی، لە گرەوی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم هەڵاواردنە یاسایی و کردییەکانە لەسەر ئەساسی

نەتەوە. گەرەنتی مافی نەتەوەکان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بەرگری لە یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران و فیدرالیزمی ناوچەیی، گونجاوترین ڕێگە چارەیە بۆ پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا.

بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ئێرانیش دەبێ بەدوور لە هەر چەشنە وەهم و گومانێک لە سەر دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی زاڵ لە ناوچە و جیهان کە دەیانەوێ بە خراپ کەلکوەرگرتن لە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان ئامانجەکانی خۆیان بەرنە پێشێ؛ هاوپەیمانەکانی خۆی لە نێو بزووتنەوە کرێکارییەکان و جووڵانەوەی شکۆداری ژنان و بزاوتە کۆمەڵایەتییە ڕوو لە گەشەکان لە ئێراندا بدۆزێتەوە هەر دێن و پەرە دەستێنن و خەویان لە چاوی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی تاراندوە.

بێگومان هەر ڕێگایەکی دی بە دەر لەو ڕووبارە شکۆمەندەی بەرەو ئازادی و دێموکڕاسی و ڕزگاریی کۆمەڵایەتی وەڕێ کەتووە، ئاکامەکەی ڕێ ونکردن و هەڵدێرانە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی!

بژی ئازادی، دێموکراسی و سوسیالیزم!

هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر)

هەینی ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٦

٩ی مارسی ٢٠١٨

## چەند بابەت و هونراوە:

# دیسان کۆماری ئیسلامی و تێرۆر



**کەماڵ کەریمی**

ساڵانێک بوو کە کردەوەی تێروریستی لەسەر حیزب و کەسایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وەک ڕابردوو هەستی پێ نەدەکرا. بەڵام لەو ساڵانەشدا کەس نەیتوانی پاکانە بۆ ئەو ڕێژیمە بکا، کە سیاسەتی تێرۆری وەلا نابێ. تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەر کاریانەوە لە نێوخۆی وڵات بە لێدانی فیزیکی دژبەرەکانیان دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٣٦٧ و بە پاکتاوکردنی چەند هەزار کەسیی زیندانیانی سیاسی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ڕاست دوای ئەوەی کە فشار و ڕاوەدوونانی لاینگرانی تێکڕای حیزبەکانی ئێران، زۆر لە ڕێبەران و چالاکانی سیاسیی ناچار کرد کە وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن، دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە بە هاوبەشیی وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران و ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەرانی پلە یەکی دەسەڵاتدار وەک سەرۆککۆمار، وەزیری ئیتلاعات، سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی و لە سەرووی هەمووانەوە ئایەتوڵڵا خامنەیی و بە دەستووری ڕاستەوخۆی ئەوان ئەم ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد، ڕووی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کرد.

ئەم دەزگایە بۆ سەرپۆشدانان لەسەر جموجۆڵەکانیان باڵوێزخانە و کۆنسولگەرییەکانی کۆماری ئیسلامییان لەو

وڵاتانەی کە کاری تێرۆریستییان تێدا بەڕێوە دەبرد بەکار هێنا و تێرۆریستەکانیان، بە ناوی دیپلۆماتی ئێرانییەوە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانیان هەڵسووڕانیان هەبوو. ئەوکاتە کەم وڵات هەبوو کە ڕێژیم شانەیەکی تێروریستیی لە هێلانە جاسووسییەکانیدا جێگیر نەکردبێ، بەڵام لە هێندێک وڵات وەک فەڕانسە بە تیرۆری دوکتۆر شاپووری بەختیار، سویس کازم ڕەجەوی، ئۆتریش دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو، ئاڵمان دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و زۆر وڵاتی دیکەی وەک ئیتالیا، تورکیە، مالیزی و....، لە چاوچنۆکیی بازرگانیی دەوڵەتەکانیان باشتر کەڵکی وەرگرت و بە شەهیدکردنی ڕێبەران و کەسایەتییە دیارەکانی دژبەرانی، کوشەندەترین زەربەکانی لە ئۆپۆزیسیۆن دا. ئەمە جگە لە زۆر شوێنی دیکە وەک وڵاتانی عەڕەبی کە بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆی و بە هێزکردنی پێگەی شیعەکانی سەر بە خۆیان لە دروستکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان و کاری تێرۆریستی نە پرینگاونەتەوە.

ڕەنگبێ هەڵوێستی ئازایانەی دادگای بێرلین لە دوای کارەساتی شەهیدانی میکۆنۆس و مەحکوومکردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئاگاداربوون و دەرکردنی بڕیاری ئەو کردەوە تێرۆریستییە، ڕەوتی درێژەدانی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ئاستەدا لە دەرەوە خاو کردبێتەوە، بەڵام هەرگیز هیچ یەک لەو گوشارانە نەبوونە هۆی دەستبەرداربوونی ئەو ڕێژیمە لە سیاسەتی تێرۆر و ئەوان بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە هەر شوێنێک جێ پێیەکان بۆ کرابێتەوە، ئەو شوێنەیان کردوەتە مەیدانی تەڕاتێنی تێرۆریستەکانیان و بە ئەنجام گەیاندنی پیلانە دزێوەکانیان.

کوردستانی عێراق یەکێک لەو ناوچانەیە کە هەم بە هۆی هاوسنووری و هەم بە هۆی پێویستییان بە ئێران لەو هەلومەرجەیدا کە کەوتبووە ژێر حەساری ئابووریی عێراقەوە و هێندێک هۆکاری دیکەش و یەک لەوان کیبەرکێی پێوەندیی بەشێک لە حیزبەکانی باشوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی سپای پاسدارانەوە ڕێک دەخرا و بەشێک نەبوو لە پێویستییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم ناوچە، هەر زۆر زوو بوو بە هۆی کرانەوەی مەیدانێکی بەربڵاو بۆ گرووپە تێرۆریستییەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئەو جێگەی ناوەندی نهێنیی قەرارگا تێرۆریستییەکەشیان لەو ناوچەدا دامەزراند. هەر ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەرینترکردنی پێوەندییەکانی ئەم دەزگا تێرۆریستییە لەگەڵ خەڵکانی دیکە بە دوور لە چاوی دەسەڵات و حیزبەکان.

ئاکامی دروستبوونی ئەم هەلومەرجە پەلاماردانی بنکە و بارەگای پێشمەرگە و ناوەندە حیزبییەکانی ڕۆژهەڵاتی

بوو کە لە باشووری کوردستان جێگیر ببوون. دەسپێکردن و درێژەی یەک لە دوای یەکی پیلانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە باشوور تەنیا لە ماوەی پێنج ساڵدا لە ڕێگەی ڕفاندن، کەمین دانانەوەو هێرش بۆ سەر بنکە و ماڵەکان بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لەو نێوەشدا حیزبی دێموکرات بوون پشکی شێری بەرکەوتووە. لە ساڵی ١٣٧٧ بەم لاوە، گۆڕانکارییەکانی نێوخۆ، زیادبوونی فشارە دەرەکییەکان و جێگیربوونی دەسەڵات لە کوردستان، چەند هۆکارێک بوون بۆ ڕاوەستان یا کەمبوونەوەی ئەم کردەوە تێرۆریستییانە و لە جێگەی ئەو ڕێگەی دیکەیان (وەک فشارخستنە سەر حیزبەکانی باشوور بۆ بەرتەسککردنەوەی تێکۆشانی ئەو حیزبانە و ڕێگرتن لە هاوکاری کردنیان) گرتە بەر و لەو لاشەوە وایان نیشان دەدا کە لە ڕۆژهەڵات کورد گرفتێکی نیە و حیزبەکانیان لە مەیدانی ڕاستەوخۆی خەبات دوور خستوەتەوە. هەرچەند لە مەیداندا بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو پیلانەکانیان چ لە شاخ و چ لە شار هەرگیز نەیهێشت ئەو ڕاستییەیان لە بیر بباتەوە کە خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشە لە خاکی کوردستان بەردەوامە و هەرگیز هەستیان بە ئارامی نەکرد. هەر بۆیە هەتا ئیستاش پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات لە ورمێ هەتا ئیلام وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی چاو لێ دەکەن و کردوویانە بە مۆڵگەی دەیان هەزار پاسدار و هێزی ئەمنییەتی خۆیان.

پەرەگرتنی خەبات لە نێوخۆی وڵات و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و داواکارییە نەتەوەییەکان، و ئاگاداربوونی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە کاریگەریی هێزە سیاسییەکان لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا ئەو نیگەرانییانەی لای ئەوان زیاتر کردووە. بێ گومان ئەمە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستپێکردنەوەی پەلامارە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەر پێشمەرگە و حیزبەکان. پیلانێک کە لە شەوی یەلدای ١٣٩٥ کە بە هۆی تەقاندنەوەی بۆمب لە بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە کاتێکدا کە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لەو شەوەدا یادی لە دایکبوونی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوویان دەکردەوە و ٧ شەهیدی لێ کەوتەوە، دەستی پێکرد و لە کۆتاییەکانی ئەمساڵیشدا لە کردەوەیەکی بۆمب دانانەوەدا سەباح ڕەحمانی و لە پیلانێکی دزێوی تێرۆریستیدا فەرماندە قادر قادرییان تێدا بووە قوربانی و، شەهید بوون. ئەمە جیا لە پووچەڵکردنەوەی چەندین پیلانی دیکەش کە پێش بە جێبەجێبوونیان گیراوە. بێگۆمان ئەمە سەرەتایەکی نوێی دەورێکی تازەی هێرشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە، کە بەبەر چاوی خەڵکی باشووری کوردستانەوە و لە وڵاتەکەی ئەواندا بەڕێوە دەچێ و، خەڵکی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی هەڵوێستیان لێ دەکا.

ئیستا کە کۆماری ئیسلامی ڕووهەڵماڵراوانە و بێ پەروا ئەم ڕەوتە درێژە پێ دەدا، جگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی یەکدەست لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و وەدەنگهاتنی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان کە چاوەڕوانیی چاوەدێریکردنی زیاتری دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم کە بە هەر ناو و عینوانێکەوە دێنە باشوور لێ دەکرێ، بێگۆمان پێشمەرگە و پارێزەرانی نیشتمان لە هەر شوێنێکی کوردستان بن، ناتوانن بێدەنگ دابنیشن و چاوەڕوانی خەبەری کردەوەیەکی تێرۆریستی دیکە و شەهیدبوونی ڕۆڵە و هاوسەنگەرانیان بن. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبێ بزانن تواناکانی نیشتمان پەروەرانی کورد ئەوەندە هەیە، کە ئەوان لێی تۆقیون و هەوڵ دەدەن بەم کردەوە دژە مرۆڤانە لاوازی بکەن، کە هەرکات بیانەوێ دەتوانن لە تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو شەهیدانەدا زەبری کاریگەریان لێ بدەن.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

کوردستان و کورد - ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

---

## کۆماری ئیسلامی تێرۆر و ئاسنی ساردکوتان



**عومەر باڵەکی**

تیرۆر یا کوشتنی سیاسی، جۆرێک کوشتنی بە ئانقەستی کەسێکی جیابیری سیاسی و دژبەری دەسەڵاتە و لەو

کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بە دایمە تیرۆری وەک کەرەسەیەکی گرینگ، دانەبڕاو و وەلانەندراو لە خۆی بە دژی جیابیران و دژبەرانی بەکار هێناوە.

ئەگەر لە نێو لاپەرەکانی قامووسەکاندا لە مانای تیرۆر بگەڕێین، لە هەمووواندا بە مانای خوڵقاندنی ترس و دڵەراوکێیە لە نێو کۆمەڵگەدا و زیاتر دەسەڵات دەیکا بۆ ئەوەی ژاری چاوی لە دژبەرانی گرتبێ. لە هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی و بە گشتی لەکارکردنی تێرۆردا دەسەڵات هەموو هەولی ئەوەیە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێ وکوشتنەکە لە حالەتی شک و گۆماندا بمێنیتەوە؛ تەنانەت زۆر جاران هەر دەسەڵات خۆی هەول دەدا بە دانی زانیاریی هەڵە ڕێچکەی لێکۆلینەوەکان بە لاڕێدا بەرێ.

لە سەردەمی ئیستاشدا کەم نین ئەو دەوڵەتانەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵانەوە ئازادیخوازییەکان پەنا بۆ تێرۆر و کردەوەی تێرۆریستی دەبەن و بۆ خۆیشیان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لە بەرەی خەبات دژی تێرۆردا جێ دەگرن. بەڵام کە چاوی بە کارنامەیاندا دەخشێنی، دەبینی لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا دنیایەک جینایەت و کوشتاریان کردوە؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکیک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تیرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لە پێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بڵاوی کردوویانە؛ ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نهادینە کراوە و جێ خراوە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمەکەیان ڕا هەتا ئیستا لە سەر سێ بنەمای «هەناردەکردنی شۆرش»، «خولقاندنی قەیران لە نێوخۆی وڵات و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە» و «بەکارهێنانی تیرۆر وەک کەرەسەیەکی کارا بۆ لە نێوبردنی جیابیرانی سیاسی و مەزهەبی لە نێو خۆی ئێران و دەرەوەی وڵات» هەوڵی ڕاگرتن و درێژکردنەوەی ڕێژیمەکەیان داوە. لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا کاتێک باس لە باسکی نیزامیی ئێران دەکا وەک «ئەرتەشی مەکتەبی» ناوی دەبا و لە باسی ئەرک و وەزیفەکانیدا دەڵێ: «لە پێکهێنان و ئامادەکاریی هێزەکانی بەرگریی وڵاتدا سەرنج لە سەر ئەوەیە کە ئیمان و مەکتەب بنەما و قانوون بێ، بەو پێیە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران بۆ بەجێگەیاندنی ئەو

ئامانجە پێک دێن، نەک هەر بۆ پاراستنی سنوورەکان بەڵکوو ئەرکی مەکتەبی واتە جیهاد لە ڕێگەی خودا و خەبات لە ڕێگەی پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خودا لە جیهان دەکەویتە سەر شانیان». هەروەها لە ئەسلی ١١ی قانوونی بنەڕەتیدا هاتووە: «هەموو موسوڵمانەکان یەک ئوممەتن و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەزیفە و ئەرکیەتی سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای هاوکاری و یەکیەتیی نەتەوەکانی موسوڵمان دابڕێژێ و هەوڵ بدا یەکیەتیی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی دنیای ئیسلام بێتە دی».

بەو خویندنەوەیەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات و دەسەڵاتداری لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنوورە سیاسییەکانی هەیەتی و بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی بۆ ئەرتەش و سوپای وڵاتەکەی پێناسەی کردوە، سروشتییە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم تیرۆر وەک چەکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە کار بێنن. بەڵام دەبینین بە تێپەربوونی کات ئەو ڕاستییە زیاتر خۆ دەر دەخا کە هەر ئەو باوەڕانەی کۆماری ئیسلامی هێدی هێدی بۆی بوونەتە کێشە و، ئەم خۆرکەیە خەریکە لەشی کۆماری ئیسلامی دادەفەتێنێ. لەلایەکی دیکەوە تێرۆری دەوڵەتی لە ماوەیەکی زەمەنیی دورودرێژدا کە بە دژی جیابیران و دژبەرانی دەوڵەت و نیزام بە کار دێ ناتوانی ئاماژە و بەڵگە بێ بۆ بەهێز بوونی ئەو دەوڵەت و سیستمە سیاسییە؛ بەڵکوو بە ئاشکرا دەتوانێ نیشانەی لاوازی و ناسەقامگیریی ئەو دەوڵەت و سیستمە بێ. دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی کە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆیدا هەر ناچار بە تیرۆری جیابیران و دژبەرانی بووبێ، ئەوپەری لاوازی و ناسەقامگیریی خۆی دەردەخا. ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕێژیمە هەموو کاتێ لەوە دەترسێ کە بیر و ئەندیشەیەک جیا لە ئەندیشەکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنێ و جێ پێی لەق بکا.

کوردستان لە ئێران هەموو کاتێ چەقی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بووە. تێرۆری دژبەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی کورد و هەروەها لە مەیدان دەرکردنی جیابیرانی سیاسی و ئایینی بەڕێگەی تێرۆر هەمیشە ئەولەوییەت و لە سەرووی کار و بەرنامەکانی ڕێژیم لە کوردستان بووە. لە ئێستاشدا دەبینین ماوەیەکە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کە قەت لە گەڕ نەکەوتووە خێراییەکی دیکەی پێ دراوە. تەقینەوەکەی شەوی یەلدای ساڵی رابردوو لە بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەهیدبوونی ٧ تێکۆشەری لێ کەوتەوە، هەروەها لکاندنی بۆمبی مێغناتیسی بە ماشێنی سەلاح ڕەحمانی، ئەندامی حدکا کە شەهیدبوونی سەباح ڕەحمانی، کوڕی ناوبراوی لێ کەوتەوە و؛ تێرۆری بەرنامە بۆداڕێژراوی قادر قادری، فەرماندەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوەڕاستی مانگی ڕەشەممەدا بەشێک لەو پیلان و کردەوە تێرۆریستییانەن کە بەداخەوە

سەرکەوتوو بوون، لە حاڵێکدا زۆر پیلان و هەوڵی تێرۆریستیی دیکەش لەلایەن ڕێژیمەوە لە گۆڕیدا بووە کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووچەڵیان کردوونەتەوە.

ئێستا ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن پرسیار بێ کە بۆچی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کردووەتەوە بە ئامانج؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای خەڵکی ئاگا بە مەسائیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئالۆز و گران نیە، بەڵام هەبوون و هەن کەس یا کەسانێک کە ڕەنگە ئەو ئاگایی و زانیارییەیان لە سەر پێگە و جێگای حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبێ یان نەیانهەوێ کە ببیبنن.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٢ساڵی رابردوودا سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی کە هاتوونە سەر ڕێگەی بۆ ساتێک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەستاوە و لەو ڕێگایەدا بە هەزاران ئەندام و کادر و پێشمەرگەی شەهید بوون و هەر ئەوە وای کردووە کە پێگەیەکی بەهێزی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەبێ و لە ڕاستیدا ئەوی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ ئەو پێگە جەماوەرییەی حیزبی دێموکراتە. هەروەها دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش بەو ڕاستییە دەزانن کە هەر کات بارودۆخ بۆ بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە کوردستان لەبار بێ و حاکمییەتی ئەوان لە ئێران درزی تێ کەوێ، کوردستان بە بوونی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئامادەترە بۆ بەربەرەکانی و قۆستنەوەی هەل و بە دەستەوەگرتنی بارودۆخەکە.

بەڵام ئاخۆ تێرۆر دەتوانێ پێش بەو ڕەوتە بگرێ؟ ئەوە ئاسنی ساردکوتانە کە کۆماری ئیسلامی چوار دەیەیە لەسەر ئەو قەوانە کۆنە دەڕوا. چوار دەیە تێرۆر و جینایەت و کوشتار لە کوردستان ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم ئەوە بووە کە هەستی نەتەوەیی و شعووری شۆڕشگێری و مافخوازی لە کوردستان بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە و، حیزبی دێموکرات سەرباری هەموو ئەو زەبر و خەسارانەی لە سۆنگەی سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەڵی گرتووە، بەڵام هەروا لە مەیدانە و هەروا خۆشەویست و جێی متمانەی هەراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

کوردستان و کورد - ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

## " لە تەنکاوان دا مرواری نادۆزرێتەوە"



### چەند دێڕێک بۆ پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە)

**قادر وریا**

لە مێژ ساڵە و وا بزانم لە داستانە شێعرێکی شێرکۆ بێکەس (داستانی بەردە قارەمان)دا بوو ئەم وتەیەم بیستوە و لە مێشکیشم دا هەر ماوەتەوە کە " لە تەنکاوان دا مرواریی نادۆزرێتەوە". لە خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەش دا مرۆڤەکان لە کات و هەلومەرجە سەختەکان دا، دەناسرێن. لە کاتی خۆشی و شێنەیی دا هەموو کەس دەتوانێ خۆی وەک مرۆڤی بە بیروباوەڕ، مرۆڤی دلسۆز و بە وەفا، مرۆڤی فیداکار و لە خۆ بوردوو و هتد بناسێنێ. هیچیشی تێناچێ!! بەڵام لەو کاتانە دا، کە دروشم بە کەلک نایە و کردەوە دەتوانێ دەردت دەرمان بکا، لەو کاتانە دا کە پێویستت بە هاوڕێی ئەهلی کردەوە و مایە دانان لە خۆشی و ئاسوودەیی و تەنانەت گیانی خۆشی هەیە، دەزانی چ کەسانێک لە تەنگانە و سەختییەکان دا بە هاناتەوە دێن و دەتوانی پشتیان پێ ببەستی.

قادر قادری، لەوەتا من وەبیرم دێ پێشمەرگەیە. هەر پێشمەرگەی ساتی خۆشی و ئاسوودەیی نییە، پێشمەرگەی ڕۆژ و ساتە ئەستەمەکانیشە. نەک هەر پێشمەرگە، بەڵکوو بەرپرس و فەرماندەی هەلومەرجە دژوار و سەختەکانیشە. نە هەڵکشانی تەمەن و نە دەسکورتی و کێشەکانی ژیان و بنەماڵە و نە نەخۆشی، هیچیان هیچکات هەنگاویان پێ شل نەکردوە و لە جێبەجێکردنی ئەرکی حیزبی ساردیان نەکردوەتەوە . ئەو بنەماڵە(هاوسەرە

زەحمەتکێش و کچ و کوڕە ڕێکوپێکەکانیشی) وا راهێناوە کە وەک خۆی هۆگر و ئەویندار و دڵسۆزی کوردایەتی و پێشمەرگە و خەباتی شۆڕشگێڕانە بن. ئەوە عینوان و ئیبلاغیە و پلەی حیزبی نییە کە قادر قادری کردوە بە جێگای ڕێز و خۆشەویستیی پێشمەرگەکان و ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن، بەڵکوو ساددەیی و تەوازوع و دڵسۆزی و ماندوویی نەناسی و ورە بەرزی و خۆ دەرخستن لە تەنگانان و ناخۆشییەکان دایە کە وای کردوە ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی لە نێو پێشمەرگەکان و خەڵکی حیزبدۆست دا هەبێ.

قادر قادری پێشمەرگە و فەرماندە و کادری دێرین و بە رابردووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشەرێکە کە نەک هەر بنەماڵەکەی و خەڵکی ناوچەی پیرانشار، بەڵکوو هەموو خەڵکی کوردستان حەقیانە و لە سەریانە خۆشیان بوێ و قەدری بزانن و بە ڕۆڵە و خۆشەویستی خۆیانی بزانن.

لە دڵەوە هیوام خۆشی و سلامەتی و سەرکەوتن و تەمەندرێژیی ئەو تێکۆشەرە بە نرخ و خۆڕاگرەیە. هیوام وەدیهاتنی هیواکانی قادر قادرییەکانە.

دیواری فیس بووکی نووسەر

٧ی مارچی ٢٠١٨



# ئەسپی سەرکێشی تاوانبار هەروا لەجۆشە!



**هەیاس کاردۆ**

ماشێنی مەرگی کۆماری ئیسلامی کە قەت لەکار نەکەوتوە، تازە نوێ کراوەتەوە و خەریکە خۆی بۆ هێرشێکی بەربڵاوتر ئامادە دەکا. ئەسپی سەرکێشی تاوانبار کە دایم دپڕمێنێ، ئێستا خەریکە چوارناڵ دەکوتێ بۆ وەی ژمارەی تاوانەکانی زیاتر و زیاتر بکا. ئەو جۆگە خوێنەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەڕۆڵەکانی کوردیان وەڕێ خستوە، دەگەڵ سەرەتای وەرزی بەهار خەریکە دەزێتەوە و وەسەر خوێن دەکەوێ. هەرکام لەسەرانی بەخوێن تینووی ئێران وەک ئەژدهاکی زەمان دوو ماریان لەسەر شانە و ڕۆژ نیە مێشکی لاوانی کوردیان دەرخوارد نەدەن. مێژووی غەدر و جینایەت و خەیانەت بە کورد لەم وڵاتە نەگبەتە هەموو ڕۆژێ دووپات دەبێتەوە و داسی مەرگی ڕێژیم هەروا ملی لاوانی کورد دروێنە دەکا. لای حاکمانی ئێران هەزار هاواری کورد هەتا هۆوەی بڕ ناکا و کەس بۆ گوێ گرتنی خۆی ماندوو ناکا.

لەوەتا خەباتی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری دەگۆڕێدایە دەسەڵاتدارانی ئێران قەت بەچاوی پێکگەیشتن و سوڵح و ئاشتی چاویان لە کورد نەکردوە. ئەوەی مەبەستی ئەوانە یان بەچۆکداهێنانی کورد و مل دانەواندنی بۆ ویستی خۆیان، یان درێژەی کوشتوبڕ و ماڵوێرانی و برسی ڕاگرتن. مێژوو نیشانی داوە هەتا کورد زیاتر سەر بەرداتەوە و لەحاند زوڵم و زۆرییەکانی دەسەڵات بێدەنگتر بێ، ماشێنی سەرکوت و قەتڵوبڕ چاکتر وەکار دەکەوێ. قەت نەدیتراوە و نەبیستراوە هاواری مەزلوومییەت دڵی دەسەڵاتداران نەرم بکا و چاوی ڕەحم و بەزەییان پێ هەڵێنێ.

پلانی درێژخایەنی ئێران نابوودیی فەرهەنگ، زمان، کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە. لە پێناو سەرخستنی ئەو پلانەشدا مەترسیدارترین ڕێگا تاقی دەکاتەوە کەهەمان نیشاندانی بێڕەحمی و وەڕێخستنی جۆگەی خوێنە.

کۆماری ئیسلامی جگە لەسەرکوتی بێ بەزەییانەی کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆ و ئازار و ئەشکەنجەی بەلێشاوی لاوانی کورد بەبیانووی جۆراوجۆر، بەدایم ماشێنی تیرۆری خۆی بۆ دەرەوەش دەنێرێ و بۆ لەنێوبردنی تێکۆشەرانی کورد هیچ مەجالێک بەفیڕۆ نادا. دوایین قوربانیی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی لەباشووری کوردستان تیرۆری فەرماندەری خۆشناو و خاوەن ڕابوردووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تێکۆشەر قادر قادری بوو کەلەبەرەبەری سەری ساڵی نوێدا گیانی لێ ئەستێندرا. بەلەبەرچاوگرتنی ڕابوردووی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لەدەرەوەی وڵات و بەتایبەت باشووری کوردستان دەبێ ئەوەی باش بزانین کەدیسان خەریکە داوی مەرگ بۆ تێکۆشەرانی کورد دادەندرێتەوە و مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆریستەکان بەرینتر دەکرێتەوە.

مەیداندان بە تاوانبار و مەجال بۆ ڕەخساندنی هەتا پلانی مەترسیدارتر دابرێژێ و ڕاوی تێکۆشەرانی کورد بکا، خۆی تاوانە. نابێ ڕێگە بدرێ خوێنی خەباتکارانی کورد هەروا بەخۆڕایی برژێ. ڕاوەستان لەبەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیم و تەنگ پێ هەڵچنینی هەتا نەتوانێ بیر لەبەرنامەی تیرۆر بکاتەوە، ئەرکی سەرەکیی حیزبە سیاسییەکانی کوردە. ئەزموون دەری خستوە زمانی نەرم و پاڕانەوە نەک جەسارەتی ڕێژیمی بۆ پەلامار کەم نەکردۆتەوە بگرە چەند قات زیادیشی کردوە. خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری بە پاڕانەوە و خۆ فەقیر نیشاندان ناکرێ. تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی دەگەڵ دەزگای سەرکوتی ڕێژیم خەباتێکی لێبڕاو و هەمەلایەنەیە کە بتوانێ مەیدانی مانۆرەکانی ڕێژیم کەمتر بکاتەوە. داڕشتنی پلانی تۆکمە و حیساب بۆکراو بە مەبەستی دیفاع لە تێکۆشەران و بەرتەسکتر کردنەوەی مەجالەکانی دوژمن، دەبێ بکرێتەوە سەرلەوحەی کاری بەردەوام. هەر زەبرێک لەڕێگای تیرۆرەوە وەجەستەی خەباتکارانی کورد دەکەوێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی دڵگەرمتر دەکا. شەهیدبوونی پێشمەرگە لەمەیدانی بەربەرەکانێدا بۆنی نائومێدی لێ نایە. بەڵام شەهید بوونی تێکۆشەری کورد لەڕێگەی تیرۆرەوە دڵەکان ڕێکتر دەگوشێ، جەستەکان لاوازتر و مێشکەکان ئالۆزتر دەکا. نابێ ڕێگە بدرێ تێکۆشەری کورد بێ ئەوەی مەجالی دیفاعی هەبێ خوێنی برێژرێ. مادام گیانی خەباتکارانی کورد هەر لەمەترسی دایە، ئیدی بۆ لەمەیدانی بەربەرەکانیدا نەکەوێتە مەترسی؟ لەشەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای دوژمندا هەمیشە ژمارەی کوژراوی دوژمن چەند بەرامبەری شەهیدی پێشمەرگە بووە و تەنانەت زۆرجار هێزی پێشمەرگە زەبری قورسی لەدوژمن داوە بێ ئەوەی خۆی زیان ببینێ. بەڵام کە تیمی تیرۆری دوژمن وەکار دەکەوێ بەئاسانترین شێوەی


مومکین و بێ ئەوەی ئەفرادی دوژمن بناسێندرێن، جەستەی تێکۆشەری کورد دەخوێندا شەلاڵ دەکەن.

با دەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵ و پاش تێپەڕاندنی ئەزموونێکی زۆر لەدانی تەلەفاتی دەستی تیرۆر، جارێکی دیکە ستراتێژیی دیفاعی خۆمان دابڕێژینەوە. با چیدیکە مەجال بە دوژمن نەدەین بە سووک و هاسانی ڕاوی خەباتکارانی کورد بکا. با مەیدانی تیرۆری لێ بکەینە داوی مەرگ و هەرچی هات پێوە بێ. با جارێکی دیکە نەعرەتەی پێشمەرگە دەشت و دۆڵەکانی وکوردستان وەلەرزە بخاتەوە.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

کوردستان و کورد - ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

## وەکارکەوتنەوەی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران



نەبی محەممەدی

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە ٥ پیلانی تێرۆریستی بەرانبەر بە تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان بەڕێوە بردوە. ئەم پیلانە سیستماتیکە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە بە سەرپەرەستیی بەشی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە دەچێ، بۆ یەکەمجار لە بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە

زستانی پارەکە و لە نزیک شاری کۆیە جێبەجێ کرا. لەم کردەوە تێرۆریستییەدا کە لە شەوی یەلدا وساڵرۆژی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا ڕووی دا، ٥ پێشمەرگەی ئەم حیزبە و ٢ کەسی سەربە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان گیانیان لە دەست دا.

دوای ساڵێک لە بەدواداچوونی دادگا لە شاری هەولێر بۆ کەیسی تێرۆرەکەی شەوی یەلدا، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە دادگا بڕیاری لە سەر بێتاوانیی چەند کەس لە گیراوانی تۆمەتبار لە کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدا دەرکرد، لە گەڕەکی بنەسڵاوای شاری هەولێر، بۆمبێکی دەستی بە ماشێنی ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تەقییەوە کە لە ئاکامدا شەهیدبوونی ئەندامێکی ئەم حیزبە و برینداربوونی ئەندامێکی دیکەی حیزبی لێ کەوتەوە. بۆ کەس گۆمان لەوەدا نیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی لە تێرۆرەکەی بنەسڵاواشدا هەبووە.

هەرچەند ڕۆژ دوای کردەوە تێرۆریستییەکەی شاری هەولێر بەرانبەر بە دوو ئەندامی حدکا، کادرێکی فەرماندەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دۆڵی بالیسان لە لایەن تیمی تێرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەسترێژی لێ کرا و بە لێدانی زیاتر لە ٢٠ فیشەک، شەهید کرا.

هەر لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لانیکەم دوو هەوڵی تێرۆریستیی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نزیک لە بارەگاکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەڕێوەچوون کە بەخۆشییەوە پووچەڵ کرانەوە.

ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێی تێڕامان و گرینگیپێدانە ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامە بۆدارێژراو، ماشێنی تێرۆری خۆی بۆسەر تێکۆشەرانی کورد وەڕێخستۆتەوە کە هەر ئەمە لە خۆیدا دەتوانێ چەند پەیامێک بگەیەنێ:

بە سەرنجدان بە تێرۆرەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی و ٧٠ هەتاوی لە هەرێمی باشووری کوردستان و گەڕانەوە بۆ دۆخی ئەمنیەتیی ئەو کاتی هەرێم، دەردەکەوێ کە هەرکات ئەم مەڵبەندە تووشی بێسباتی، کێشەی نێوخۆیی و بشێوێ بووبێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆشاییەکی ئەمنیەتی هەست پێ کردوە و ئەمەی وەک دەرفەت و مەجالێک بۆ هێرشکردنە سەر تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵات کە لە باشوور نیشتەجێن قۆستۆتەوە و زەربەی لێ داون. لە

لایەکی دیکەوە هەرکات تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە پاڵپشتی و پشتیوانیی حیزبە کوردییەکان، گڕوتینی پێوەدیار بووبێ و تێکۆشانی حیزبەکان زیادی کردبێ، ماشینی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران رووی لە ئادرەسی دینامۆی ئەم تێکۆشان و زیندوویەتییە کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە مۆڵدان و جێگیرکردنی سەدانهەزار کەس لە هێزە ئەمنییەتییەکان لە شارو ناوچەکانی کوردستان، ئەم نیشتمانەی کردۆتە پادگانێکی گەورەی نیزامی، دەیهەوێ بە هەر شێوەیەک بێت، بە بەڕێوەبردنی پیلانی تێرۆر و تۆقاندن زەربە لە تێکۆشەرانی سیاسی و حیزبەکان بدات و وەک لە ماوەی نزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا پیلانی بۆ داڕشتوە و ئەنجامی داوە، مەجالی تێکۆشانی تێکۆشەرانی سیاسی و حیزبەکانیان بەرتەسک دووریان بخاتەوە.

ئەوەیکە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان چۆن دەتوانێ کۆتایی بە مەترسیی ئەم بۆشاییە ئەمنیەتییە بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەرانی سیاسیی بهێنێ، باسێکە پڕگرینگ و هەستیار کە بەداخەوە بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ململانیی ناوخۆییەوە، لانیکەم چارەسەرکردنی لە کورتخایەندا دوورە لە چاوەڕوانی. بەڵام ئەوەی لەم پێوەندییەدا پێویستە بە جدیی قسەی لە سەر بکرێ، سیاسەتی خۆپاراستن و بەرگریی ڕەوای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە چیدیکە لانیکەم کەمتەرخەم نەبن و دەستی لێ بەرنەدەنەوە.

ئێستا کە بە خۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەندێکی هاوبەشیان هەیە بۆ هاوکاری لە گەڵ یەکتری، پێویستە لە رووی ئەمنیەتی و جموجۆڵی پێشمەرگانەوە، هەنگاوی هاوبەش بە مەبەستی خۆپاراستن و دیفاعی ڕەوا بنێن.

بەداخەوە بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی باشووری کوردستان لە دۆخێکی هەستیار و نەخوازراودایە و هەر وەک باسیش کرا، دوور لە چاوەڕوانییە بەم زووانە ئەم دۆخە چارەسەر بکرێ، بۆیە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان پێویستە تێرۆرەکان و دەستوەشاندنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەیەی ٩٠ی زایینی و ٧٠ هەتاوی بێننەوە بەرچاوی خۆیان بۆ ئەوەی "لە کونێکەوە دووجار مار پێیانەوە نەدات".

کوردستان و کورد - ١٠ی مارچی ٢٠١٨

## تێرۆری کاک قادر قادری و چەند پەیڤێک!!.




**حسێن ڕەسووڵی**

**زۆر بەداخەوە ئەوجارەیان دەستی تاوان گیانی هاوڕێی خۆشەویست و تێکۆشەری دێرین، کاک قادر قادری کردە ئامانج و شەهیدی کرد.**

**پێویست بە خۆ ماندوو کردن ناکات و هەموو کەس دەزانێ داڕێژەر و بەڕێوەبەری ئەو تێرۆرە کۆماری ئیسلامیە، بەڵام وەک زۆر کەس دەڵێن ئایا "ماشێنی تێرۆری" کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردۆتەوە؟**

**بە پێچەوانەی بیر و بۆچۆنی هەموو دۆستان، ئاشی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هیچ کات تەنانەت بۆ ساتێکێش لە گەڕان و لە هاڕین نەوەستاوە بەتایبەت بۆ جەستەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات.**

**زۆر بەداخەوە زۆر کەس تەنها پەڕپەڕ بوون و هەڵوەرینی گوڵەکان دەبینێ و کەس باسی ژاراوی بوونی کانیاوەکان ناکات!!**

**کەس نیە باسی بڕین و قەڵت و بڕی داربەڕوەکان بکات!!**

هیچ کەس نیە ئاوڕ لە سووتان و قەقنەس بوونی زەوی و دار و بەردی کوردستان بداتەوە!!

کوشتنی کۆڵبەران بەردەوامە، جەستەی دایکی نیشتیمان تێرۆر کراوە، زمانی کوردی بڕدراوە، پەتی قەنارە بەردەوام بۆ تێکۆشەری کورد هەڵخراوە، بێکاری و گرانی بینەقاقای گەلی کوردی گرتووە، بۆمەلەرزە لێدراوەکان لە برسان و لە سەرمان ڕەق هەڵاتن، لێرەوارەکانی کوردستان بە ئانقەست دەسووتێندرێن.

زۆر کەس هەر ئەوە دەبینن کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە تێرۆری جەستەیی کردۆتەوە ئەگەر ئێران لەو ماوەیەدا کە وەک دەڵێن ماشێنی تێرۆری بە ئاشکرا خامۆش بوو بەڵام خەریکی تێرۆری سپی بوو، خەریکی ژێنۆسایدی لاوان و خەڵکی ڕۆژهەڵات خەریکی لەتکردن و پەرتەوازە کردنی هیزە سیاسیە ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵات بووە، ئەوە زیاتر لە ٢٥ ساڵە بە بێ کەمترین نرخ هەموو هێزە کوردیەکانی لە قەفەس کردوە.

هەرکاتێک دەستی ڕەشی تێرۆری کۆماری ئیسلامی دەگاتە جەستەی عازیزێکمان و هەڵیدەوەرێنێ زۆرینەی خەڵک کێ بەرکێی ئەوەیانە کە کامەیان خێراتر هەواڵی شەهید بوونەکەی یان ئاگاداری ئەو لایەنە بڵاو کاتەوە کە خۆی بە خاوەنی شەهیدەکە دەزانێ، کەس نیە باس لە کاکڵی مەسەلەکە بکات!!

کەس نیە بە ڕێبەری ئەو حیزبانە بڵێ ئەویە ئاکامی دابڕینی هەڵۆ لە لۆتکە و نیشتەجێ کردنی لە نێو وێرانە و کەلاوەکاندا!!

کەس ناپرسێ بۆ دیسان لە دەست دانی عازیزێکی دیکە؟ بۆ کوێر بوونەوەی کانیاوێکی دیکە؟ بۆ بڕانەوەی داربەڕوویەکی دیکە؟ بۆ کووژانەوەی چرای ماڵێکی دیکە و شەقامێکی دیکە و بۆ ڕووخانی مەتەرێزێکی دیکە؟؟

کۆماری ئیسلامی کە بە بێ سڵ کردنەوە و بە بێ گوێدان ئەسپی تێرۆری خۆی سات بە سات تاو دەدات و بە کردوە جگە لە ئێران چەندین وڵاتی دیکە بۆ وێنە عێراق، سووریا، لوبنان،یەمەن و فەلەستین بەڕێوە دەبات و کلتوورەکەشی دیارە کوشتن و بڕین و تۆقاندنە، باشووری کوردستانیش هەر لە سەرەتای بەهاری ٩١ی زایینیەوە بەشێکی دانەبڕاو لە دەسەڵاتی ئێران بووە و هەیە و کەوابوو گلەیی لە کێ دەکەی؟؟

ئەوەی کە بەشێک لە خەڵکی باشوور مووچە خۆر و بەکرێگیراوی ئێرانن جێگای گۆمان نیە و جگە لەوەش بەشی زۆری ئەو خەڵکە بەزەیی بە خاک و کەس و کاری خۆی دانایەتەوە چۆن دەکرێ ئێمە چاوەڕوان بین بەزەییان بە ئێمەی ڕۆژهەڵات دابێتەوە؟

بەڕاستی بە بێ موبالەغە دەڵێم ئەوەی چاوەڕوانی هەبێ لە باشوور پارێزراو بێ و ئەمنیەتی هەبێ یان زۆر ساویلکەیە یان ئەلف و بێی سیاسەت نازانێ.

دڵنیام خەبات قوربانی و خوێنی دەوێ بەڵام ئەوە قوربانی دان نیە بەڵکە جۆرێک بە بەفیڕۆ دانی وزە و توانا و لێهاتوویە، ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات و هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات ئەوە زیاتر لە ٢٥ساڵی ڕەبەقە گیانی خۆیان و کادر و پێشمەرگە و عازیزانیان وەک هێلکە لە سەر لەپی دەست دانەوە و کردوویانە بە نێشانە بۆ کۆماری پەت و سێدارەی ئێران.

هێشتا تەرمی پیرۆزی شەهید سەباح سارد نەبۆتەوە کەچی دەبینین کاک قادر تەک و تەنها و بە سواری ماشێنێک لە کوێرە دێیەک دەکەوێتە داوی بە کرێگراوەکانی ئێران!!

مەبەست لەو قسەیە بە هیچ جۆر کەمکردنەوەی ئەو تاوانە نیە، بەڵام بێ موبالاتی و خۆ بە کەم زانین هەتا کەی؟

کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا دەڵێ ئێمە شەڕی نەیار و دژبەرەکانی خۆمان لە دەرەوەی سنوورەکانمان دەکەین و بۆ ئەوە شەڕ بەردەگامان پێ نەگرێ لە شەقامەکانی دەمێشق و بەغدا و هەولێر دەیکەین، ئیدی لەوە ڕوونتر؟

هەتا ئاور نەچێتە نێو دڵی کۆماری ئیسلامی  و هەتا هەناوی دەسەڵاتدارنی تاران هەڵنەقرچێت نەک لەوە باشتر نابێ بگرە هەزار ئەوەندە خراپتر دەبێ دەبێ و دووریش نیە کە هێزە کوردیەکانێ ڕۆژهەڵات بە دەردی موجاهیدین ببات.

بە گواستنەوەی سەنگەرەکان بۆ نێو دڵی ڕێژیم لەوانەیە ڕێژیم نەڕووخێ بەڵام ڕای گشتی نێو خۆی لێ وەزاڵە دێ

و ئەوەش هەر ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامی نزیک بە ٤٠ ساڵە لێی ترساوە و لێی دەترسێ و بەردەوام کاری بۆ دەکات و ئاورەکەی لە خۆی دوور ڕاگرتوە و شەڕی خۆی بردۆتە نێو ماڵی دەر و جیران.
هەمووما‌ن دەزانین کە سەردەمی ئێستا وەک دەیەکانی پێشوو واتا هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نیە و ئێستا ئێران هەموو حەول و تەقەلایەتی بۆ ئەوە بە دنیا بڵێ لە ئێراندا کێشە نیە و ئێران وەک دوورگەیەکی ئارام نیشانی ڕای گشتی دنیا بدات بۆ ئەوە هەرچی زیاتر ڕۆژئاوا و ئورووپایەکان ئەرخەیان بکات بۆ سەرمایەگوزاری کردنی زیاتر لە ئێراندا هەربۆیە بە دانیشتن لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان کە بەشێکە لە دەسەڵاتی ئێران و خۆ سپاردن بە سیاسەتی قەزا و قەدەر ، ئێران پشوو سواتر دەبێ و هەرچۆنێک حەز بکات و بە شیاو بزانێ هەڵس و کەوت دەکات.

زیاتر لە دوو دەیەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کورەدستان لە جیاتی گۆڕینی شێوازی خەبات، خەریکی گۆڕینی شێوازی باشتر و درێژخایەنانەتری نیشتەجێ بوون لە باشوورن و وای لێهاتوە ئینسان نازانێ خەبات دەکەن یان خەریکی دەوڵەتدارین!!

کارەسات ئەوەیە کە بە هەموو حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات خاوەنی بستێک خاکی ڕۆژهەڵات نین کەچی لە باشوور دام و دەزگای کارتۆنیان داناوە

پێشمەرگەکان - ٩ی مارچی ٢٠١٨



## دیسان تێرۆر، دیسان ئاژاوەنانەوە لە ناو ماڵی کوردا، لە لایەن ئێرانی نەیار و داگیرکەرەوە.



هەر لە مانگی سێ ئەمساڵەوە کۆماری ئیسلامی ئێران ٢ کردەوەی ترۆریستی، لە سەر ٢ حیزبی ڕۆهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد، یەکێک لە کارە تروریستییەکانی لە شاری هەولێری پایتەخت بوو، ئەوی دیکە لە دەڤەری پشدەر بوو.

ئەوەی لەو ماوەدا بە وردی چاوی بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا خشاند بێت،.چی لە ناو خاکی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. بە تایبەت تڕورکردنی حەریری باوک لە لوبنان کە ئامادەنەبوو ملکەچی سیاسەتەکانی بێت. یا عەلی عەبدوڵا ساڵحی یەمەن، کە زۆر وەڵامی حوسیییەکانی نەدەدایەوە، هەر بۆ دروستکردنی گوومان لە ناو پێکهاتەی حوسییەکاندا، بە دەسیسەی خۆیان ئەو کارەیان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی هیچ کام لە حوسییەکانی یەمەن بیر لەوە نەکەنەوە کە گوێ ڕایەڵی دەستوورەکانی ئەوان نەبن.

ئەم کردەوە تروریستیانە، لەم ئان و ساتەدا و لە ٢ ناوچەی کە زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی ٢ پارتی سیاسین لە بەشەی کوردستاندا، زۆر مەبەستدارن، کە بەشێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەم.

١- لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا و بە تایبەت لە سەردەمی باسکردنی ڕیفراندۆم لە باشوری کوردستاندا،

یەکگرتوویی ماڵی کورد لە ئاست کوردستان و جیهاندا زۆر پەرەی سەندبوو.

کوردان ئەگەر جاران لە هیندێک بواردا زۆر بەرامبەر بە یەک توونـد بـوون، لەو کـاتەدا یەکدەنگ دەهـاتنە سـەر شـەقام و پشـتیوانیان لە سـەربەخۆیی ئەو بەشـە پێشـاندەدا. ئەم نزیکبـوونەوەی کـوردان. بـۆ هەر چـوار وڵاتـی داگیرکەر کە یەکێکیان ئێرانە زۆر دژوار بوو. چوون ئەوان باش دەزانن کە هەمێشە لە ڕێگەی ناکۆکی ماڵی کوردەوە بە ئاسانی دەستی خۆیان وەشاندووە، ئەگەر ئەو ناکۆکییانە کاڵ ببنەوە کارەکەیان لێخراب دەبێت.

هەر بۆیە بە توونـدی کەوتە پلان بۆ لێکترازانـی مـاڵی کـورد، بـۆ ڕشتنی ژەهـرە پیسـەکەیان بەرامبەر بە گەلێکی مافخواز و ئازادیخوازی وەک کورد. دیتمان کە چۆن قاسم سلێمانی بە ئاشکرا سەرپەرەستی هێرشی سەر کەرکوکی دەکرد، ئەوە بۆ خۆی باشترین بەڵگەی حەشا هەڵنەگرە.

٢- لە ٢٠٠٥ بۆ سەرەوە باشوری کوردستان لە بواری پێشکەوتن و ئاوەدانی و ئابورییەوە زۆر هەڵکشانی بە خۆیەوە بینی، ئەمەش دیسانەوە ئەو ڕێژیمەی نیگرانکرد. هەر بە ڕێنمایی خۆیان وەک ئەندازیاری ئاژاوەو فیتنەی جیهـان، لە ڕێگەی بەغدای دەسەمۆی خۆیانەوە، کەوتنە برینی قووتی خەڵکی باشوری کوردستان، بە مەبەستی برسیکردنی خەڵـک. کە شـەقامیش برسـی بـوو، نـاکۆکی دەکەوێـتە نێـوان خەڵـک و دەسـەڵات. ئیـدی زەمیـنە بـۆ دەزگـا داپڵۆسێنەرەکانی خۆش دەبێت، تا بە ویستی خۆیان ئاگرەکە خۆش بکەن. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە بە فیتـنەگەری و دەستێوەردان دەیەوێ ناکۆکی بخاتەوە ناو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان، بگرە دەستیشێ لە نـاکۆکی دەروون حیزبـی لە باشـوری کوردسـتاندا هەیە، ئەمەش بە مەبەسـتی لاوازکردنـی ئەو سـەرکردانەی کە ئامـادەنین گۆێڕایەڵی ویستەکانیان بن. هەر وەک چۆن ناکۆکی خستە ناو حیزبەکەی مالکی و ئەوانەی دژی مالکی بوون دووری خستنەوە.

٣- دیسانەوە دەستپێکردنەوە بە تـروری کوردانی ڕۆژهەڵات لە ناوخـاکی باشـور، لەڕێگەی ئەو مرۆڤـانەی کە خۆی هۆکـاری سـەرەکی برسـیکردنی مـاڵ و منـاڵیـان بـووە. چەنـد مەبەسـتی هەیە، یەک بە مەبەسـتی زەربەدان لە حیزبەکانی نەیاری خۆی، دوو بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە و گوومان دروسکردن لە نێوان لایەن و شەقامی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باشور.

هەموو ئاگادارین کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ سەرەوە تێکەڵاوییەکی یەکجار بە هێز لە نیوان باشور و ڕۆژهەڵات دروسببوو، بێجگە لەوەی کە بیری نەتەوەیی زۆر بە زێرکردبوو، بگرە بە سەدان هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە شارو ناوچەکانی باشور کارو کاسپیان ئەنجامدەدا. کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمەشی زۆر لا قورس بوو. سەرەتا هەوڵیدا لە ڕێگەی ئاستەنگ دروستکردن بۆ گەشتیارانی ڕۆژهەلات بەرەو باشور لە ڕێگەی گومرگی زۆرەوە، کە بۆ کرێکاران زۆر قورس بوو، ئەوەندە پارە بدەن بۆ هات و چۆی باشور. لە ڕیگەی بەغداوە ئابلووقەی ئابوری و لاوازکردنی بازاری باشور، کۆڵکێشی کە تەنیا سەرچاوەی خەڵکانی سنوورنشینی سنوورەکانی هەردوو بەشی بە زۆر لەتکراوی کوردستان قەدەغەکرد، بێئەوەی ئەڵتەرناتیڤێک لە شۆێنیدا ببینێتەوە.

وا چاوەڕوان دەکرێت کردەوە پیشەییەکانیان کە ترور و تۆقاندنە پەرە بستێنێت، بەڵام تەنیا یەکریزی ماڵی کوردە، دەتوانێ قەڵغانی بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕێژیمە مەترسیدارەیە.

باسکردن لە سەر ئاژاوەگێری و تروریستی ئەم ڕێژیمە وەک دەریایەو هەرگیز کۆتایی نایەت. تەنیا داوام لە گشت تاکێکی کوردە، هەرگیز لە کاتی سەرهەڵدانی هەر کردەوەیەکی تروریستی لەهەوڵی تاوانبارکردنی یەکتری نەبن، ئەوە بزانن کە داڕێژەرە سەرەکییەکەی تارانە.

پێشمەرگەکان

٩ی مارچی ٢٠١٨ی زایینی

## شێعری مەڕۆ کاکە، مەڕۆ .



نووسینی: ڕەسووڵ سوڵتانی


داخەکەم دیسان چەقۆی نێو ماڵی خۆم
دای لە چاو و شاپەڕ و شاباڵی خۆم
دڕوەڵان لۆمەی گوڵی نێو باخ ئەکەن
بەردی داوێن تف لە لووتکەی شاخ ئەکەن

دەسکی تەوری دی، دەگریا پیرە دار
تۆ لە خۆمی بۆچی من دەبڕی گەمار
کرمی نێوخۆمە رەگ و ریشەی بڕیم
دەفتەری ژینی بە جاری لێ دڕیم

***

ئێستە هەڵگوردیش سەری گرتۆتە تەم
پیرە شاهۆشم پەشێوە و دڵ بەخەم

دەشتی لاجان و شنۆ گشت چاوەڕێن
پۆلە پێشمەرگەم بەرەو وێ داگەڕێن
تاسەبارن بەرد و داری ڕێگەکان




ببنە سایە و سەنگەری پێشمەرگەکان
بۆتە کێبەرکێ لە نێوان دار و بەرد
بۆتە خۆڕانان لە نێوان شاخ و هەرد
ئەم دەڵێ پێشمەرگە پێی نا سەر سەرم
ئەو دەڵێ من ڕۆژی ڕەش بۆی سەنگەرم
ئەم دەڵێ من سێبەرم بۆ رادەخست
ئەو دەڵێ لووتکەم لە حاندی دادەخست
نیشتمان ئێستاش بە تاسە و حەژمەتە
چاوەڕێیە هەڵکەوێ ئەم دەرفەتە

چاوەڕێن فەرماندە قادر قادری
قارەمان و سیمبولی خۆڕاگری
شاهەڵۆی لووتکەی ورە و ئازایەتی
سەرنموونەی باوەڕی کوردایەتی
ڕۆڵە ئازاکەی خەباتی بێبەشان
بێتەوە مەیدانێ گورج و چەک لەشان

***

کاکە گیان، تۆ وا بەلەز بۆ کۆ دەڕۆی
بەو شەوی ئەنگوستەچاوە بۆ دەڕۆی
بۆ دەکەی گاڵتە و قومار بەگیانی خۆت
کەمتیار بۆسەی لە ڕێ داناوە بۆت
بۆ دەڕۆی وا بێخەم و کەمتەرخەمی

بۆ وەها لەو رێوییە خاترجەمی
تۆ کە فتوای پیرە شەیتانت لەدوون
باش دەزانی دوژمنت بێ ئابڕوون
ئەو کەسەی فارس و تورک بێ دوژمنی
چۆن دەبێ بێ ترس و خەم بێ خەوتنی؟
تورک و فارس هەر تەڵەو داو دادەنێن
خۆ بە مێژووی دروسکراویان رادەنێن
ئەودەمی زۆر دۆستی تۆن، ژەهرن، دژن
ترسنۆک و بێڕەوشت، میوانکوژن
کوردزمانی خۆفرۆشیش دێنە پێش
دەتخەنە نێو داوی، دەبنە گورگەمێش
نیشتمان لێم مەگرە من زۆر دڵپڕم
وا بڵێسەی دێ هەناوی پڕ گڕم
چاوی شیعر و دەستەواژەم خوێندەڵێن
هەر سروودی تۆڵە، تۆڵەم بۆ دەڵێن
چونکە ئەم سووتمانە دنیاداگرە
چاری ئەو تۆفانی سووری ئاگرە
تۆڵەیە هەر تۆڵەیە حاوانەوەی
تۆڵەیە دەرمانی دامرکانەوەی
تا لەسەر تەرمی خیانەتکاری زۆڵ
هەڵنەپەڕم و لێنەدەم زوڕنا و دەهۆڵ
تاکوو تۆڵەی خوێنی ئاڵ نەستێنمەوە
شیعری پڕ تین بۆ گەلم ناخوێنمەوە

گیارەنگ

# ماڵاوا فەرماندە مەندەکەی دێموکرات!




**عەلی لەیلاخ**

ماڵاوا

فەرماندە مەندەکەی دێموکرات!

ماڵاوا...

شوڕەبیترین شەرمێونی پێشمەرگەیەک،

وا بەس لەسەر مافی خۆی شەرمی نیە..!

نە قەندیل هیلاکی لاق و سەرخەوشکاندت لە بیر دەکا،

نە قەڵای خۆڕاگریی..

شەونخۆنییەکانت...!

هێندە هەنگاوی قورس و ئەستێرە ئاسات بەرەو رووناکایی هەڵهێنا

هەتا ..

بە درەنگانی شەو گیانی گەرمی پێشمەرگانت لێ ئەستێندرا

ئێمە بە شەو تۆمان نەناشت،،،

هەر بەڕۆژ،

لە پێش چاوی ئەو ڕۆژەی وا لە رۆژهەڵات هەڵدێ..

**بوویت بە تازەترین میوانی مەزارگەی پڕ لە ڕازی تێکۆشەارنی دێموکرات.**

**جەستەت با لێرە بێ..**

**وەکوو بەڵگەیەکی دیکە بۆ تیرۆر**


**بەڵام کۆڵەپشتی و**

**کڵاشینکۆف و**

**خەرمانی دەق نەشکاوی بزەت هەیە رۆژهەڵاتە...**

**بەشی کۆڵبەری پێوەیە تابۆ سۆی مەدرەسەی شیناوێ..**

**..............**




**لە ئێستاوە هەر فەرماندەیکی خاکی پۆش ببینم..**

**بە بزەی خاکەڕایی خاکەوە،**

**کوردستانم خوشتر دەوێ و، دەستم لە لای چەپی سینە دادنم**

**کە پێ بڵیم..**

**بە حورمەتەوە بێ دەنگ بن، هەتا بریسکایی دەموچاویی فەرماندە قادر تێپەڕ بێ.**

**جنابی فەرماندە**

**تێپەڕبوونی هەمووکات وساتی پێشمەرگانەت پیرۆز!**

**..........**

**خانەی "خانێ" ئاوەدان!**

**وا تۆی ڕاهێنا کە ببێ بە سەنگەر**

**ببی بە کاک قادر لە سەردەمی قڕ تێخستن و کوشتوبڕ**

خۆ لە دووری پیرانشار، پیر بووی..

هەرساڵەوە بە هاتنێ نەورۆز بەهارێک تر کەڵەکەی دەبەست لە وەرزی حەسرەتەکانت و پەپوولەی ناخت بۆ گەرانەوەت بۆ ئاوایی "قورینج" هەتا دەهات نەخشین تر دەدرەوشایەوە،

...

لەم بەهارە وا بەڕێوەیە، چی بەهارە هەیە...

تا بەهاری سەرکەوتن پێشکەشی خۆت و گەزیزەی پێکەنیت...

سوێند بە٢٠ وردیەک خونچە ی بە فیشەک پشکوتووی زامستانی جەستەت،

سوێند بە زریکەی کچە هەتیوکەوتووکانت لە غوربەت

تا نەگەین بەو ئاکامەی و ئاکامە...

واز لە ئاکاری شۆڕشگێڕی ناهێنین..!

.........

دەچێت بۆ چەند شەوە لە خێوەتێک لە قەدپاڵی بەرزخستانی..

دڵنیام بە پێشوازت هاتوون.. شەهیدانی شەوی یەڵدا

لە جیاتی هەمووومان لە شەهید ناسر بپرسە!

و،

لە جیاتی هەمووومان شەرمێونی بزەی شەهید سالار بدوێنە!!

بە بریقەی چاوانی قۆیتاس.. جەگەرکەت هەڵکەو ،،،

با وەهابی برامان وێنەیەک بگرێ بۆ سوکنایی دەشتی بێتاقەتی

کاکە گیانیش ئایی روح سووکە بوو دواندنی پێشمەرگانە..

،،،،،،،،،

دڵنیام یەکەم فیشەکت کە وەبەر کەوت

پێش ئەوەی ، چاوەڕوانی منداڵانت وەبیر بێتەوە،

بیرت لە کون کون بوون ناو لەپ و بەڵگەی شۆڕشگێرانی دەروازەی کۆیەت کردەوە.

جا لە سەیتەرەیەک قۆلبەست دەکرێن ئیتر چارەنووسمان ناروون

با بمێنێ بۆ کاتی خۆی

تو ئارام بنوو فەرماندە!

هەر حەوتەیەک لەمەو پێش لە ئیلام لە گرتووخانەیک گیانی کەسێکیان ئەستاند...

وا بە دوای ئالای جنابت کەوتبوو کە لە قەندیل و ، هەڵتگرت تا هەڵگورد.

رێچکەی خوێناویت،،،

خوێنی دەوێ فەرماندە!

چ لە دالاهوو، چ لە کۆسالان

ئێمە ڕانەهاتووین بە کۆسپ و کۆستەوە دوژمن دڵخۆش کەین

شەڕی دارستان بە هێزی تەور ناکرێ

هەر شین و شین دەبینەوە

با تەوریش هەبێ دەسکەی ئاشنابێ، لە دارستانی ئێمە!

................

هەتا خەمخۆری فەرماندەیەک مابێ خاکەڕاو خاکی پۆش و کوردستانی ویست و، بزە لە سەر لێو..

دەست لە سەر سینگ

لە لای چەپی سینە دادەنین

هەتا بریسکایی پێکەنینی تۆ تێپەڕ دەبێ..

جنابی فەرماندە...

ماڵاوا

سەنگەر ئاوەدان

..................


❊ ئاکام و ئاکار ناوی دوو منداڵی شەهید قادر

کۆیە

(لە ژمارەی ٧٢٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

کوردستان و کورد - ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

# بۆ فەرماندە قادر قادری



**سەلاح کوردی**

**کەس نەڵێ فەرماندە قادر تەرکی گیانی کردووە**
**تیرەگەی کوێستانی قەندیل، شێرەلانی کردووە**

**دەستی مردن کورتە بۆ بەرزایی بەژنی قارەمان**
**ڕووبەری زاگرۆس لەسای ئەو سایەوانی کردووە**

**ڕۆڵەکەی خانێ چلۆن دەمرێ؟ دەزانن کێوەکان**
**گیان لەبەر دەست بەرگری داگیرکەرانی کردووە**

**بەندەن و ڕووبار و داری خاکی پیرۆز پێت دەڵێ:**
**لێرە فەرماندەر، شەڕی دوژمن قڕانی کردووە**

**زەنگی کاروانی شەهیدان خەوتەرێنە بۆ وڵات**

ئێستە سەرکاروانی شۆڕش، شەوزڕانی کردووە

ڕەختی پێشمەرگە دەبێ سوورەخەڵاتی پێوەبێ
چونکە دایکی کوردەواری چەکوەشانی کردووە

زوڵمە بگری بۆکەسێ خۆڵی بەخوێن ڕاگرتووە
کاتێ ئەو خاکی بە سورمەی چاوەکانی کردووە

شایەنی تەنیا سرودە: کەس نەڵێ کورد مردوە
چۆن دەشێ بمرێ کەسێ بۆگەل ژیانی کردووە؟

وەرزی سەوزی نەوبەهارە، جلکی ئاڵی کردەبەر
چۆتە نۆجەژنەی شەهیدان، مەزنەوانی کردووە

دیواری فیس بووکی نووسەر

١٩ - ١٢ - ١٣٩٦

١٠ - ٣ - ٢٠١٨

# بۆ شەهید قادر قادری



**ئاشق ئیسماعیلی**

بنوو، خەم مەخۆ، ڕۆژێ، بەهارێک
لە سەر گڵکۆکەت هەڵدەچێ دارێک

ئەو ڕۆژە ڕۆژی دڵشادی دەبێ
سەردەمی خۆشی و ئازادی دەبێ

لە سەر ئەو دارە بە خەتی کوردی
هەر بەو زمانەی لە ڕێی دا مردی

دەنووسرێ: "گڵکۆی هاوڕێی بە جەرگە
کە بۆ کوردستان بوو بە پێشمەرگە "

ناوت لە مێژووی گەلمان دەنووسرێ

هەتاهەتایە هەر بیـــــرت دەکــــرێ

نەمردووی هاوڕێم، تۆ لە گەڵمـــــانی
زیندووی، تێکەڵی مێشک و دڵـــمانی

لە پێش چاو گەر نی، بە دڵ لە لاتیـــن
" ئاشق"ی بڕوا و بیر و ڕێگاتیــــــن

---

کاک قادری خۆشەویست، فەرماندەی تێکۆشەر!
یادت لە دڵمان دا هەر دەمێنێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکت!
نفرەت و سەرشۆڕی بۆ تێرۆریستان!
قوڕ بە سەری ئەو دوژمنەی دڵی بە تێرۆری نەیارانی خۆی خۆش دەکا!

دیواری فیس بووکی نووسەر

٧ی مارچی ٢٠١٨

## ئەی شەهید (بۆ گیانی بەرزەفڕی فەرماندە قادر قادری)



**هەڵمەت سەمەد (گەرمکی)**

**لە نێو چاوی گەشی هەموو دڵۆپێک**

**لە خوێنی ئاڵتان نرکەی سروودی سەرفرازی دەبیستم**

**ڕۆژ نیە کرنۆش بۆ گۆڵە خوێنی ئێوە نەبەم ...**

**بەرائەتەکانی ڕۆحمی تیا پاک دەکەمەوە**

**شەو نیە بە دیار یادگارەکانتان نەتلێمەوە...**

**بزە و خەندە قەتیسماوەکانی سەر لێوانتان بە فرمێسکی چاوم نەشۆم و**

**ماچێک لە نێو چاوانی خوێناویتان نەکەم ...**

**کە وەک خەنجەری جەوهەردار جەوهەری لێ دەباری**

**ئەی ڕۆحە بەرزەفرەکان!**

**لەنێو گێژاو و پەستیی کەساسی و دڵ پڕ لە خەم و گۆڤان و برین حەسرەتەوە جێمان نەهێڵن ڕوو لە ڕوومان وەر دەگێرن و با لەنێو ئێشی ئازاری ویژدان سەر دەنێینەوە**

**شەهید ئێوە کۆڵەکەی ئاسمانی ئەم کوردستانەن**

**ئێوە مۆمی داگیرساوی شەوەزەنگی**

**وڵاتە سووتماکەمانن ...**

**سێبەری کێڵگەی جوتیاران سەنگەری بەرخودانتانە**

بۆنتان بۆنی ئەو خاکەیە کە تازە ڕێژنەی باران چاوەکانی ماچ کردووە

ئای ئێوە چەند گەورەن شەهید ....

ئەوەتا ئێوە بە ئارامی بە ڕۆحی پڕ لە شانازییەوە لە باوەشی خاکی نیشتیماندا هەنگاو دەنێن و قاقا بەسەر بەرزی ڕووماندا پێدەکەنن ....

ئێمەش هێشتا هەر بۆ ئەو باوەشە دەگرین ...

ئێوە کە شەهید دەبن بەرەو لووتکە هەڵدەکشێن هەر لە باوەشی کلۆ بەفری هەڵگورد چاو لێک دەنێن

ئەی شەهید...

زمان لاڵە لە ئاست وەسفی باڵاتان قەڵەم تک تک ئارەقەی شەرم دەڕێژێ توخوا بە چاوی دڵ بۆمان بڕوانن

توخوا هەموو کازیوەیەک بە تیشکی باوەڕتان گەرم مان کەنەوە ..

هەموو بەیانیەکیش بە ژێی کەمانچەی ڕۆحتان سۆزی کوردایەتیمان جۆش دەن

ئەی شەهید

مێژوومان بە خوێنتان، مناڵانمان بەسرووودی ڕێگای خەباتان، عیشقمان بە عیشقی برینە سارێژ نەبووەکانتان، زیکرمان بە کورەی دڵی داگیرساوتان سەر بڵندە...


ئێوە بۆ ئەوەی تا مانای ژیان وەک خۆتان گەورەتر و گەورە تر بکەن ...

ئێوە تێکۆشان تا بەیداغی ئازادی وەک هەڵوێستان بەرز تر بەرزتر بکەن

ئەوەی ئێوە نەناسێ گەل نایناسێ خاک نایناسێ ئازادی نایناسێ مرۆڤایەتی نایناسێ

ئەی شەهید .........

هەموو ڕۆژێ لە مەدالیای شانازیتان وورد دەبمەوە



کوردستان و کورد - ٩ی مارچی ٢٠١٨

## یاد و بەرزڕاگرتنی شەهید قادر قادری لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات

### بەرزڕاگرتنی یادی تازەترین شەهیدانی حدک، لە تاران و کەرەج




کوردانی نیشتمانپەروەری ئیلامی و، نیشتەجێی شاری تاران و کەرەج، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا یادوناوی نوێترین شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان واتە، شەهید تالب بەساتیوەند و فەرماندەی شەهید "قادر قادری"یان، بەرزڕاگرت.

تێکۆشەرانی سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تارانی پایەتەخت و شاری کەرەج بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە و، بڵاو کردنەوەی وێنەی شەهیدان تالب بەساتیوەند و فەرماندە قادرقادری لە گەڵ ڕێبازی شەهیدانی حیزب وگەل پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

رۆژی ڕابردوو ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە ئەندامان و دۆستانی حیزب لەو دووشارە بە چالاکیی تەبلیغی کوشتنی لاوی خوێنگەرمیی ئیلامی لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی شاری ئیلام بەناوی تالب بەساتیوەند"یان مەحکووم کردو، هاوکات تیرۆرکرانی فەرماندە شەهید قادر قادری، کادریری لێهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە خاکی باشوور و بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی شەرمەزار کرد.

١٠ی مارچی ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغی لە شاری بانە، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید قادر قادری



لە سێیەمین ڕۆژی تیرۆرکرانی فەرماندەی شەهید قادرقادری، کە بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی، لە هەرێمی کوردستان شەهید کرا. شەوی ڕابردوو ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە لە شاری بانە لە چالاکییەکی بەربڵاودا یادوناوی ئەو شەهیدە ئازیزە بەرزڕاگیرا.

ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بانە بە مەبەستی مەحکووم کردنی کردەوەی تیرۆریستی لە دژی تێکۆشەرانی دێموکرات و هەروەها بەرزڕاگرتنی یادی فەرماندە قادرقادری، چالاکیی تەبلیغاتییان کرد.

لەو چالاکییەدا لە چەندین شوێنی بەرچاوی شاری بانە وەکوو ساتاوا،چوارڕای مەولەوی، بانە کۆن، گەڕەکی مەولەوی و داوێنی کێوی ئاربەبا، تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بڵاوکراوەتەوە.

شیاوی باسە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆرکرانی فەرماندە قادرقادری خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پەرۆشەوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوخەمییان دەربڕی.

١٠ی مارچی ٢٠١٨

## چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕەبەت، بە بۆنەی تیرۆرکرانی قادر قادری



تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕەبەت، بە بۆنەی تیرۆرکرانی شەهید قادر قادری، لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا یادی ئەو فەرماندە بەوەجەیان بەرزڕاگرت.

بە پێی هەواڵێک کە بە دەستمان گەیشتووە ڕۆژی ڕابردوو ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە لە سێ ڕۆژەی تیرۆری قادر قادری، لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت لە چالاکییەکی تەبلیغیدا یادوناوی شەهید قادرقادرییان بەرزڕاگرت.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهید قادر، لەو ڕێگایەوە هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستی، لە گەڵ شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەتی فەرماندەی شەهید قادر قادری پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.

هاوکات لە شاری پیرانشاریش چالاکییەکی هاوشێوە بەڕێوەچوو.


هەروەها بەشێک لە خەمخۆرانی حیزب و گەل، نیشتەجێی شاری تاران، بە بڵاوکردنەوەی نووسراوە و تراکتی پێوەندیدار لە گەڵ تێکۆشەرانی دێموکراتی کوردستان هاوخەمییان دەربڕی.

**شیاوی باسە کادر و فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک قادر قادری، شەوی ١٧ی ڕەشەمە لە قەزای ڕانیە کەوتە بەر دەستڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کرا.**

**١٠ی مارچی ٢٠١٨**

---

## *بەردەوامیی چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی تیرۆرکرانی شەهید قادرقادری لە شارەکانی کوردستان*




**خەمخۆران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بۆنەی تیرۆرکرانی فەرماندە قادرقادری چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد.**

**دوای چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی هەوشار و سنە و مەهاباد،ئەمجارە لایەنگرانی حیزب لە شاری بانە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بە تیرۆری یەکێک لە فەرماندە لێهاتووەکانی حدک، لە خاکی هەرێمی کوردستان، لەو ڕێگایەوە پیلانگێڕان و کردەوەی قیزەونی تیرۆرییان مەحکووم کردو هەروەها خۆیان بە درێژدەری سەرجەم شەهیدانی حیزبی دێموکرات زانی.**

**دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەشاری بانە، بە دروشمی ئەوەی کە بەڵێنی دەدەن درێژەدەری ڕێگای**


**شەهید قادر بن، لەگەڵ ڕێبازی سەرجەم شەهیدانی گەل پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.**

**هەروەها بە پێی هەواڵێکی دیکە لە شاری شنۆ، دۆستان و ئەندامانی حیزب، بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە یادوناوی شەهیدی فەرماندە، قادرقادرییان بەرز ڕاگرت و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان شەرمەزار کرد.**

**شیاوی باسە لەدرێژە هاوخەمی کردنی خەڵکی شارەکانی کوردستان بۆ سێیەمین جار لەشاری مەهاباد چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو و تێکۆشەرانی حیزب لەوشارە تابلۆکانی سێ ڕێیانی بەنداوی مەهابادیان بە وێنەی شەهید قادر ڕازاندەوە.**

**٩ی مارچی ٢٠١٨**

## بەرزڕاگرتنی یادی فەرماندە قادر قادری لە لایەن تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات




**تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەهاباد، بە بۆنەی تیرۆ کرانی فەرماندە قادر قادری، لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا یادی ئەو فەرماندە بەووەجەیان بەرزڕاگرت.**

**بە پێی هەواڵێک کە بە دەستمان گەیشتووە ڕۆژی ڕابردوو ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمە هاوکات لە گەڵ ڕێوڕەسمی خاکسپاری شەهید قادر قادری لە مەزراگەی تێکۆشەرانی دێموکرات، لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە چالاکییەکی تەبلیغیدا یادوناوی شەهید قادرقادرییان بەرزڕاگرت.**

لە هەمان شار لە چالاکییەکی تەبلیغی دیکەدا شەوی ١٧ی ڕەشەمە ئەندامانی حیزب بە بڵاو کردنەوەی وێنەی شەهیدان قادرقادری و هەورەها تالب بەساتیوەند وەفاداریی خوێانیان بە ڕێبازی شەهیدانی حیزب، دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد بە چالاکیی تەبلیغی، لەو ڕێگایەوە هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستی، لە گەڵ شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەتی شەهیدی فەرماندە قادر قادری پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.


هەروەها بەشێک لە خەمخۆرانی حیزب و گەل، نیشتەجێی شاری شیراز، بە بڵاوکردنەوەی نووسراوە و تراکتی پێوەندیدار لە گەڵ تێکۆشەرانی دێموکراتی کوردستان هاوخەمییان دەربڕی.

شیاوی باسە کادر و فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک قادر قادری، شەوی ڕابردوو ١٦ی ڕەشەمە لە قەزای ڕانیە کەوتە بەر دەستڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کرا.

٩ی مارچی ٢٠١٨

---

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆ وڵات، دوای شەهید بوونی فەرماندە قادرقادری



تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، دوابەدوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی تیرۆر کرانی یەکێک لە فەرماندەو

**کادره لێوەشاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی شەهید قادر قادری، لە چالاکیی تەبلیغیدا، یادوناوی ئەو شەهیدەیان بەرز ڕاگرت.**

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنەو ناوچەی هەوشار و هەروەها شاری پیرانشار دەستیان دایە چالاکیی تەبلیغی و، لەو ڕێگایەوە هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی تیرۆر، لە گەڵ شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەتی شەهیدی فەرماندە قادر قادری پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.**

**بە پێی هەواڵێک کە لە ناوچەی سنە وهەروەها لە ناوچەی هەوشار و شاری تیکاب بە دەستمان گەیشتووە، خەمخۆران و ئەندامانی ئەو حیزبە دوای بیستنی هەواڵی تیرۆر کرانی فەرماندە قادر قادری، لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا وێڕای ڕێزگرتن لەو شەهیدە و مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی، یادوناوی فەرماندەی شەهید "قادر قادری"یان بەرز ڕاگرت.**

**شیاوی باسە کادر و فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک قادر قادری، شەوی ڕابردوو ٧ی ڕەشەمە لە قەزای ڕانیە کەوتە بەر دەستڕێژ و شەهید کرا.**

**٨ی مارچی ٢٠١٨**



## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهید قادر قادری لە وڵاتی سوئێد



دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەممەی ١٣٩٦ی هەتاویی، بەرامبەر بە ١٠ مارسی ٢٠١٨ی زایینی، کۆڕێکی پرسە و سەرەخۆشی بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی سوئێد، نوێنەری بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و دەیان کەسایەتی ناسراوی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بۆ نوێترین شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان فەرماندەی لێوەشاوە و قارەمان کاک قادر قادری کە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی دا بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نیزیک ئاوایی "بەرتەڵێ" لە باشووری کوردستان شەهیدیان کرد، بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و هەروەها خولەکێک بێدەنگیی بۆ یادی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان و وتەیەکی کورت لە لایەن ئازاد بانەیی بەڕێوەبەری کۆڕیادەکەوە دەستیپێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن هاوڕێ کەمال گروێسی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سوید خوێندرایەوە.

دواتر خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان لە لایەن کاک هیوا حاجی ڕەسووڵی و کۆڕێکی لاوانەوە پێشکەش کرا ئینجا ڕێزدار کاک خالیدی عەزیزی ئەندامی ڕێبەریی حیزب وتارێکی سەبارەت بە ڕووداوەکە و هەلومەرجی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم هەلومەرجەدا باسکرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا پەیامی بنەماڵەی شەهید قادر قادری لە لایەن کاک ئاکام قادری کوڕی شەهید خوێندرایەوە.

هەروەها بەڕێز مامۆستا ئاشق ئیسماعیلی پارچە شێعرێکی خۆی سەبارەت بە شەهید خوێندەوە.

دوایین بەشی کۆڕیادەکە تەرخان کرا بۆ خوێندنەوەی پەیامی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە جگە لە بەشدارییان، بۆ ئەم کۆڕیادەیان ناردرابوو کە بریتی بوون لە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پارتی دێموکراتی کوردستان / لیژنەی ناوچەی سوئێد
پەیامی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان
پەیامی ڕێزدار قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان بازنەی سوئێد
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران/ کۆمیتەی سوئێد
پەیامی هاوپەیمانی بۆ دێموکراسی و دادپەروەری/ بازنەی سوئێد
پەیامی سازمانی دێموکراتیکی یارسان
کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان- سوید

حدک میدیا - ١٠ی مارچی ٢٠١٨

## خۆپیشاندانی جەماوەری لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر، بۆ مەحکوومکردنی تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسی



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە بە بەشداری ڕۆژهەڵاتییەکانی نیشتەجێی باشوور و دۆستان و دڵسۆزانی باشوور و باکووری کوردستان، لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبونەوەیەکی جەماوەری بەڕێوەچوو بۆ مەحکوم کردنی تێرۆری چالاکانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد پاشان بەڕێز عەلی مەحموود ڕێکخەری سەرەکیی خۆپیشاندانەکە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و باسی لە مێژووی تیرۆری تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشوور کرد و ئاوڕێکی لە ڕادەست کردنەوەی حەوت پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە ئێران دایەوەو کە تێیدا بزوتنەوەی ئیسلامی تاوانبار بوو و هەروەها تێرۆرەکانی دەروازەی کۆیە و شەوی یەڵدا و تیرۆرەکانی ئەخیری باسکرد و، دەوری لاوازی حکومەتی هەرێم و دادگای مەحکووم کرد لە بە سزاگەیاندنی تاوانباران.

پاشان پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکرات لەلایەن "نەوا قادری " کچی شەهید قادر قادری پێشکەش کرا کە تێیدا هاتبوو: هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە کەوتۆتەوە گیانی تێکۆشەرانی سیاسی کوردی دژبەری ئەو ڕێژیمە و لە ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا گیانی نۆ ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری ئەم گەلەیان بە تەقینەوە و هێرشی چەکداری ئەستاندوە.

شایانی باسە ئەمە لە ئیدامەی قەلاچۆی کوردان، دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆمی باشووری کوردستان دێت کە دەوڵەتانی ناوچە لە دژی نەتەوەکەمان کەوتنە گەلەکۆمەیەکی ئیقلیمی کە سەرەتا بە داگیرکردنی کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکان دەستی پێکرد و دواتر بە هێرش بۆسەر عەفرین و لە ئیدامەی ئەوانەشدا هێرش بۆسەر چیاکانی سێ سنوور دەبێ کە هێزی پێشمەرگە و گەریلای لێیە و ئێستاکەش هێرش بۆسەر چالاکان و هەڵسوڕاوانی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتە. لە درێژەی ئەو گردبوونەوەدا نەوا قادری لە پەیامەکەیدا وتی: ئێمە وەک لاوان و ژنانی دێموکرات وێرای مەحکوم کردنی گەلەکۆمەی ناوچەیی لە دژی کورد بە گشتی و بیدەنگی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی لەوبارەوە، تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسی رۆژهەلات مەحکووم دەکەین و دڵنیاین کە کۆماری ئیسلامی لە پشت تیرۆری جیابیرانە و ئەو رێژیمە مێژوویەکی دوور و درێژی لەگەڵ تێرۆر هەیە و هەر بۆیەش چاوەڕوانین دادگاکانی باشوور بە ویژدانەوە لەگەڵ ئەو کەیسانە مامەڵە بکەن و خوێنی تێکۆشەرانی کورد ون نەکەن، هەروەها داواکارین لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان سنووریک بۆ ئەم پێشێلکاریانەی کۆماری ئیسلامی دابنێن.

داواش لە لاوان و ژنانی شۆڕشگێری رۆژهەلات دەکەین کە لە وەلامی ئەم تێرۆرە ناجوانمێرانەی کۆماری ئیسلامی پەرە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن و لە پێناو وەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان تێبکۆشن و شۆڕشگێڕانە چالاکی بنوێنن. لە برگەیەکی دیکەدا پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەلایەن شەمزین ئەحمەدنژاد خوێندرایەوە و لەو پەیامەشدا وێرای مەحکووم کردنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر بەردەوامی لەسەر رێبازی شەهیدان کرایەوە. لە کۆتاییدا جێگری نێردراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پێشوازی لە ویست و داخوازی خۆپیشاندەران کرد.

جێگری نیردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشوازی لە بنەمالەی شەهیدانی ترۆرەکانی چەند رۆژی رابردوو کرد.

پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ هەیئەتێک بۆ بەدواداچوون بە مافەکانی پەنابەران و تێکۆشەرانی سیاسی کە پێکهاتبوو لە پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان، کاک سەلاح رەحمانی باوکی شەهید سەباح و خاتوو نەوا قادری کچی شەهید قادر قادری چوونە بنکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە لایەن بەڕێز "بەدرەدین شوتە مەحمەد" جێگری نێردراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە هەولێر پێشوازیان لێکرا.

سەرەتای دانیشتنەکە پێشەوا عەلی پوور بە پێشکەش کردنی راپۆرتێک سەبارەت بە مێژووی تێرۆری تێکۆشەرانی

سیاسی رۆژهەڵات لە باشوور و هێنانەوەی کۆمەڵێک بەڵگە لەسەر کۆماری ئیسلامی، لیستەی سەرجەم تێرۆرکراوانی سیاسی لە باشووری پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد. هەروەها ئاماژەی بەوش کرد کە نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە جیهانییەکان چاویان بە رووی کۆمەڵکوژی و تیرۆردا داخستووە و، ئەرکی خۆیان بە جێنەهێناوە بۆ وەستاندنی حکومەتە نابەرپرسیارەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە زۆر جیددی ئاوڕ لە دۆخی تێکۆشەرانی رۆژهەڵات و سەرجەم پارچەکان بداتەوە کە رووبەرووی گەلەکۆمەی ئیقلیمی هاتوون و دووژمنان دەیانهەوێ چۆک بە ناسیۆنالیزمی کورد دابدەن.

لە ئیدامەی قسەکانیدا پێشەوا عەلیپوور وێڕای وەبیرهێنانەوەی تەقینەوەی شەوی یەڵدا، دادگای باشووری کوردستانی بە کەمتەرخەم و نابەرپرس زانی لەبابەت ئەم کەیسە و داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە تانە لە سیستمی قەزایی هەرێمی کوردستان بدەن. لە کۆتاییدا کاک سەباح رەحمانی و خاتوو نەوا قادری وەک بنەماڵەی شەهیدانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئاماژەیان بە دۆخی سیاسی پەنابەران و تێکۆشەرانی سیاسی کرد و بەشێک لە ئازاری بنەماڵەی شەهیدانی دەستی تیرۆریان بۆ بەرێز بەدرەدین مەحموود باس کرد و بەرێزیان وێڕای دەربڕینی هاوخەمی بەڵێنی بەدواداچوونی دا بۆ سەرجەم ویست و داخوازییەکانی تێکۆشەرانی رۆژهەڵات.

**حدک میدیا**

**١٣ی مارچی ٢٠١٨**

## بەڕێوەچوونی پرسە و کۆڕیادی ڕێزلێنان بۆ شەهید قادر قادری لە وڵاتی دانمارک



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی مارسی ٢٠١٨ زایینی کۆڕێکی پرسە و ڕێزلێنان بۆ نوێترین شەهید دە ستی تێرۆری تاریک پەرەستانی کۆماری ئیسلامی شەهیدی فەرماندە وکادری لێهاتوو قادر قادری لەلایەن کۆمیتەی دانمارکی حیزب لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی شاری ڕوسکیلدە بە بە شداری ڕادەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایە نگرانی حیزب و نوێنە رانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان و ڕەوەندی کوردی نیشتەجێ لە وڵاتی دانمارک پێک هات. ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ بە سروودی ئەی شەهیدان و خولەکێک بێدەنگی بۆ یاد و ڕوحی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد دەستی پێکرد. بە دوای ئەو دا سەرەتا پەیامی کۆمیتە لە لایەن هاوڕێ خالید ڕەواندووست بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە. لە پەیامی کۆمیتەدا وێڕای بە خێرهاتنی ئامادەبووان و سە رەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر قادری و هاوسەنگەرانی و بنەماڵەی دێموکڕات، وەگەڕکەوتنە وەی دەزگای تێرۆری ڕژیمی دژی گەلی ئیسلامی کە نیشانەی زەبوونی کۆماری ئیسلامی و ترس و دڵەڕاوەکێی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاپەڕینی ئەو دواییانەی گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێران و مسوەگەر بوونی نیزیکی و هاتنی کاتی ڕووخانی حکومەتەکەیانە و بە کردەوەش دەرکەوتوە کە نەگرتن و بەند کردن و نە کوشتن و تێرۆر ناتوانی پێش بە ڕوخانی ڕژیمی جینایە تکاری ئیسلامی بگرێ. هەروە ها ئیشارە بە زەرورەتی یەکگرتویی زیاتری حیزب ولایەنەکان و پێویستی هەڵوێست گرتنی حکومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنیەکانی و بێدەنگ نەبونیان لە هەمبەر کردەوەی دزێوی تێرۆری ئازادیخوازان و تێکۆشەران بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە سەر خاکی هە رێمی کوردستان کرابوو. لە درێژەی کۆڕیادەکە دا پارچە شێعرێکی شاعیر کاک ڕەسوڵ سوڵتانی بۆ شەهید قادر قادری لە لایەن

هاوڕێ وریا مەللاک بەڕێوەبەری بەرنامە خوێندرایەوە. هەروە ها پارچە پەخشانیک لە ژێر ناوی شەهید، لە لایەن هاوڕێ ئەحمەد ڕەحمانی پێشکەش کرا.

***ئەو حیزب وڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە پەیام و بروسکەی پرسە و سەرەخۆشییان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:***

- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی یێران
- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
- پارتی ائزادی کوردستان (باکور)
- فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییە کان
- پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکور
- بروسکەی هاوخەمی وسەرەخۆشی پارتی دێموکڕاتی کوردستان

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک**

**حدک میدیا**

**١٠ی مارسی ٢٠١٨**

## ڕاگەیەندراو لە بارەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری هاوڕێ قادر قادری




بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنین کە دوابەدوای ڕووداوی تیرۆری هاوڕێ قادر قادری لە شەوی ٦لەسەر٧ی مارسی ٢٠١٨ (لە نزیک "هەرتەل" لەدەوروبەری ناحیەی شکارتە)، دەزگا ئەمنی و پیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پیوەندی و هاوکارییەکی چڕ و پڕدا، لێکۆڵینەوە لە سەرەداوە سەرەتاییەکانی ڕووداوەکەیان دەست پێ کرد. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەک گومانلێکراوی پێوەندیدار بەم تیرۆرە، ناسین و دەسگیرکردنی تاوانبارانی ئەسلیی شەهید کردنی قادر قادریيان لێ کەوتەوە.

بەم جۆرە ڕای دەگەیەنین کە هەتا ئیستا ٥کەس لە تاوانبارانی ئەم کەیسە ، لە نێویاندا داڕێژەری پیلانەکە و جێبەجێکەرانی(کە ٤ کەسیان خەڵکی باشووری کوردستان و یەکێکیان لە ئەسل دا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە) بە هۆی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان گیراون. داڕێژەری پیلانەکەش دانی بەوەدا ناوە کە بە داوا و هەماهەنگی لە گەڵ دەزگای سیخوڕی و مرۆڤکوژی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەخشەی ئەم تیرۆرەی داڕشتوە.

ئێمە وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ هەوڵی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بە دواداچوون و دەسگیرکردنی تاوانباران، داوامان ئەوەیە قۆناغەکانی دیکەی کاروباری ئەم کەیسە و یەک لەوان دادگایی و سزادانی تاوانباران، بە خێرایی و هەر بەم جیددییەتە جێ بە جێ بکرێ.

چاوەڕوانیشمان لە حکوومەتی هەرێم، خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و هەر وەها کوردانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان ئەوەیە وشیاری پیلانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن، با بە هەوڵی هەموو لایەکمان نیازە تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە دژی هەرێمی کوردستان و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لەو بەشە، پووچەڵ بکەینەوە.


حیزبی دیموکراتی کوردستان

سکرتاریا

١٩ - ٣ - ٢٠١٨

٢٨ - ١٢ - ١٣٩٦

## سپاسنامەی بنەماڵەی شەهید قادر قادری



بەشدارانی پرسە و سەخۆشی و ماتەمینی شەهید قادر قادری !

پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

خەڵکی بە ئەمەگ و لاوانی میراتگری خوێنی شەهیدان لە رۆژهەڵاتی کوردستان!

لە لایەن بنەماڵەی فەرماندەی لێهاتوو و کادری بەرجەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهید قادر قادری

نوێترین شەهیدی دەستی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوپەڕی ڕێز و سپاسی خۆمانتان پێشکەش دەکەین بۆ ئەو شەپۆلی هاوخەمی و هاودەردیەی کە بۆ کۆستی گەورەی بنەماڵەکەمان و لە دەستدانی باوکمان لەگەڵتان کردین و، بوون بە هۆی سووکبار بوونمان لە ژێر باری ئەو خەمە گەورەیەدا.

راستە شەهید قادر قادری باوکی ئێمە بوو بەڵام قادر قادری فەرماندە، رۆڵەی بە وەفای گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکرات بوو، کە هەموو ژیانی خۆی بەختی کوردستان کرد و لە پێناو ئازادیی نیشتمانەکەیدا سەری دانا بێ ئەوەی کە بۆ ساتێک لە خەبات دڵسارد و بێ هیوا بی لە بەرامبەر رزگاریی نەتەوەکەی لە ژێر دەستیدا.

ئێمە هەروەک چۆن بە بوونی باوکێکی دڵسۆز و هاوسەرێکی بە ئەمەگ شانازیمان بە خۆمان دەکرد کە کوڕ وکچ و هاوسەری کەسایەتیەکی وەک قادر قادری تێکۆشەر بووین، لەمەو بە دواش شانازیی دەکەین کە بنەماڵەی شەهیدێکین کە جێگای لە نێو دڵی هەموو خەڵکی کوردستان و، دۆستان و دڵسۆزانی حیزبەکەیدا هەیە... هەر بۆیە وەک چۆن من و خوشک وبراکانم و دایکی روو سوورمان لە بەرامبەر خەمی گەورەی لە دەستدانی باوکمان  کە هێز و گوڕی ژیانمان بوو نەچەماینەوە و ورەمان بەرنەدا و راوەستاو بووین لە بەرامبەر ئەو کۆستە گەورەی ژیانماندا، و هەر لە یەکەم  چرکەساتەکانی بە خاک سپاردنی تەرمی باوکماندا کە لە سەری شانی خۆمان و هاوسەنگەرانی بە خاکی پیرۆزی کوردستانمان سپارد پەیمانمان لە گەڵ روحی نەمریدا نوێ کردەوە کە درێژەدەری رێگای و تۆڵە ئەستێنی خوێنی رژاوی بین، لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش داواکارین کارێک نەکەن دووژمن پێمان خۆش بێ و دۆش دامێنین و ئەژنۆی خەم بگرنە باوەش ،بەڵکوو بە گرتنە بەری رێگا و رێبازیی خەباتی شەهیدی فەرماندە قادر قادری و هەموو شەهیدانی سوور خەڵاتی کوردستان درێژەدەری رێگایان بن تا وەدی هاتنی ئامانجی پیرۆزیان.

تێکۆشەرانی ناوخۆ، خەمخۆرانی جوولانەوە و دێموکرات!

بێگومانم کە خوێنی بە ناحەق رژاوی قادر قادری ون ناکەن و تۆڵەی ئەو هەموو تیرۆر و ناحەقییەی لە دەرحەق بە پاکترین رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە دەکرێ  دەستێندرێ.

من وەک کچی ئەو فەرماندەیە دڵنیام کە لاوانی بە ئیمان و بە باوەڕی رۆژهەڵاتی کوردستان ناهێڵن ئەو تاوانەی

بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ وەڵام بمێنێتەوە.

دڵنیام کە خوێنی فەرماندەی شەهید قادر قادری دەکەن بە هەوێنی خەباتی نوێتان و کورەی خەباتی رزگاریی نەتەوەکەتان بە تۆڵەی خوێنی شەهید نێڵ دەدەن و سەردەکەون.

لە کۆتاییدا، دووبارە رێز و سپاسی خۆمان پێشکەشی ئەو کەس و لایەن و هاوسەنگەران و دۆستانی خۆمان دەکەین کە بە هەڵگرتنی باری گرانی خەمی گەورە و بە ژانی شەهید بوونی باوکماندا، باری خەمتان سووکبار کردین و، تین و گوڕی ژیان و خەباتتان تا وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی شەهید قادر قادری و هەموو شەهیدانی کوردستان وەبەر ناین و بوون بە هێز بۆ بەردەوامیمان.

هەزاران سڵاو لە ناو یادی بەرزی شەهید قادر قادری نوێترین شەهیدی دەستی تاوان و تیرۆر و رێگا و رێبازی خەباتی بەردەوام بێ، تا وەدی هاتنی ئاوات و ئامانجی بەرزی.

مردن و سەرشۆڕی بۆ کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی.

بنەماڵەی فەرماندەی شەهید قادر قادری

١١ی مارچی ٢٠١٨

کوردستان و کورد

## پێزانین و سپاس هەمبەر هاوخەمی بە دوای تیرۆری هاوڕێ قادر قادریدا




تیرۆری تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە دوو حەوتووی رابردوودا، جارێکی دیکە بووە هۆی وەڕێکەوتنی هاوخەمیی خەڵک و لایەنە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ حیزبەکـــانی ڕۆژهەڵات و بنەماڵەکانیـــان. هەر لەو کاتەشـــدا شـــەپۆلێکی نـــوێ لە مەحکـــوومکردنی تـــاوانە تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمەی لە ئاستی هێز و لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکاندا بە دواوە بوو.

بە دوای تیرۆری تێکۆشەری دێرین و فەرماندەری لێوەشاوی دیموکرات هاوڕێ قادر قـادری لە حەوتـووی رابـردوودا، ڕێـبەری و نوێنەرایەتییەکـانی حیزبـی ئـێمە لە کوردسـتان و دەرەوەی وڵات، شـاهیدی هـاوخەمی و هاوپێوەنـدیی بەرینی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بوون. حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی تەرمی شەهید قادر قـادری، هەر وەهـا بە بەشـداری لە ڕێوڕەسـمی پرسـەی ئەو شـەهیدە لە کـۆیە و سـتۆکهۆڵم؛ بەداخبـوون و هـاوخەمیی خۆیـان پێراگەیانـدین. لە هەر دوو ئاسـتی کوردسـتانی و ئێرانییشـدا، زۆر هێـز و لایەن و کەسـایەتی بە بڵاوکـردنەوەی بەیاننـامە و نـاردنی پەیـامی سەرەخۆشـی، هاوکـات لە گەڵ دەربڕینـی هـاوخەمیی خۆیـان، بە تونـدی کـردەوە تیرۆریسـتییەکانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران لە دژی حیزبـی ئـێمە و سـەرجەم حیـزب و ڕێکخراوەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستانیان مەحکووم کرد. ئەوان لە حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان و لە کـۆمەڵگەی نیـودەوڵەتی داواکـار بـوون، سنوور و بەربەست لە سەر ڕێی دەستێوەردان و چالاکیی دامودەزگا تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی

کوردستان، عێراق و ناوچە دابنێن.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و ئێران، جگە لە پێوەندیگرتن بە کۆمیسیۆنی تەشکیلات بە مەبەستی سەرەخۆشی و نیشاندانی هاوخەمی، بە کار و تێکۆشانێکی بەرینی تەبلیغاتی، بەردەوامی و پێداگریی خۆیان لە سەر خەبات تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نوێترین شەهیدەکانمان قادر قادری، تالیب بەساتیوەند و سەرجەم شەهیدانی دەستی ڕێژیمی جیبایەتکاری کۆماری ئیسلامی، دووپات کردەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پیزانین و سپاسی گەرمی خۆی هەمبەر ئەو هاوخەمییەی خەڵک و هێز و لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان ڕادەگەیەنێ و دڵنیایان دەکاتەوە کە دلسۆزی و پشتیوانیی ئەوان و هەڵوێستی ئینسانی و نەتەوەیی و نیشتمانییان لە ئاست ئەم حیزبە و لە دژی تیرۆر و تاوانەکانی ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران، دەکا بە هەوێنی خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانەتر بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ڕەش و جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر وەها بۆ وەدیهێنانی ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەری لە ئێران.

سڵاو لە گیانی پاکی تێکۆشەری دێرین و فەرماندەری لێهاتوو، قادر قادری!
ڕیسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی!

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

١٣ - ٣ - ٢٠١٨

٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٦

کوردستان و کورد




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: خاکەلێوەی ٢٧١٨ کوردی - مارچی ٢٠١٨ی زایینی